## فایلی كەركووك:

# بنەما كۆمەڵایەتییەكانی چارەنووسی هاوبەش لە نێوان كورد و توركمان

### ((توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە شاری كەركوك))

محمد شوانی

بەشی كۆمەڵناسی/ كۆلێژی ئاداب

---

**پێشەكی:**

بەلایەنی كەمەوە پێنج سەدە بەسەر سەرەتاكانی نیشتەجێبوونی توركمان لە كەركوكدا تێپەڕیوە، ئەگەر تا كۆتاییەكانی سەدەی هەژدەش وەكو دانیشتوانی رەسەن و خەڵكی نیشتەجێش سەیر نەكرابن[1] بەڵام هەمیشە لەسەر شانۆی رووداوەكان و لەژێر كاریگەریی دەسەڵاتی عوسمانیدا رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە بزووتنەوە رۆشنبیری و كولتوورییەكانی شارەكەدا. تا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەیشتە ئاستێك كۆمەڵگای شارنشینی لە كەركوك و كۆمەڵگای لادێی كەنارەكانی شار بریتی بوون لە دوو جیهانی لەیەك جیاواز لە رووی كولتووری و كۆمەڵایەتی و ئابووریشەوە[2]، بەڵام شەڕی جیهانی یەكەم بەڕاستی كارەساتێكی جەرگبڕ بوو بۆ سوڵتانەكانی عوسمانی و كرانەوەی دەروازەیەكیش بوو بۆ گەلانی ناوچەكە و ئاڵوگۆڕێكی ئابووری و كۆمەڵایەتی و دیموگرافیش لەو گۆڕانە سیاسیەوە كەوتەوە كە لە ویلایەتەكانی عوسمانیدا روویاندا بەتایبەت لە ویلایەتی موسڵ، شێوازی ژیان و بیركردنەوە و ریزبەندی دەسەڵاتی نەتەوەیی بە زیانی تورك گۆڕی.

بە دروستكردنی عێراق لە ۱۹۲۱ لە زۆرینەی عەرەب و لكاندنی ویلایەتی موسڵیش بەو دەوڵەتە تازەوە لە ساڵی ۱۹۲۵ مانای پاشەكشەكردنی كولتوور و زمان و رێورەسمە باوەكانی تورك بوو، كە ماوەی چوارسەد ساڵێك بوو لە ناوچەكە كاریان پێدەكرا، لەبەردەم كولتوور و زمانی عەرەبیدا هەرچەندە ئەمیش بەهۆی ئایینەوە پێشینەیەكی لەم هەرێمەدا هەبوو بەڵام لە فۆرمی فەرمی و بەكارهێنانی ئیجباریدا بۆ خەڵكی ناوچەكە رووداوێكی نوێبوو. پایەی هەڵگرانی كولتووری توركی لە ریزبەندیەكەدا ژێر و ژوور كرد، بۆیە لەو رۆژگارەوە سەرەتای شێوازێكی نوێ لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی نێوان كورد و توركمان دەستی پێكرد و رۆژ بەرۆژ پتەوترو بەهێزتر بوو، دوژمنانیش هەمیشە هەوڵیان داوە كەلێنێك بدۆزنەوە و لە گرنگی ئەو پەیوەندیانە كەم بكەنەوە، سەدان پیلانیان دارشت بەڵام لەبەر ئەوەی بنەما كۆمەڵایەتییەكانی ئەو پەیوەندییانە رەگیان بە قوڵایی مێژووی هەردوو نەتەوەدا رۆچووە، هەر زوو پلانەكان ئاشكرا دەبن و رۆژ بە رۆژیش تەبایی و یەك هەڵوێستی و هاوكاریان بەهێز دەبێت. ئەم توێژینەوەیە لەو بنەما كۆمەڵایەتییانە دەكۆڵێتەوە كە چارەنووسی هاوبەشی بۆ هەردوولا دروستكردووە، هەوڵدەدات لە تێڕوانینی توركمان تێبگات كە تا چەند ئەم فاكتە كۆمەڵایەتییە لە ناویاندا هەست پێكراوە.

# تەوەرەی یەکەم
# چوارچێوە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم
## گرفت و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە

### ١- گرفتی توێژینەوەکە:

کورد و تورکمان دوو نەتەوەی دێرینی شاری کەرکوکن، مێژوویەکی دوور و درێژی پێکەوە ژیانیان لەم شارەدا هەیە، لە خۆشی و ناخۆشیەکاندا هاوبەش و هاوکاری یەکتربوونە و کارەساتەکانی سەر کەرکوکیش هەردوو لایانی گرتووتەوە با بەرێژەی جیاوازیش بووبێت، دوای پرۆسەکانی ئازادی لە عێراقدا لە نیسانی ٢٠٠٣ عێراق بە گشتی و کەرکوك بەتایبەت لە دەروازەی گۆڕانێکی ریشەیی و بنەڕەتیدان، خەڵکی کەرکوك بە هەموو کەمینە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیەکانەوە لەسەر ئەو نەزم و ریتمە نوێیە رانەهاتوون و لەلایەکی تریش هەندێك دەستی دەرەکی یارمەتی ئاساییکردنەوە و سەقامگیری ناوچەکە نادەن، بۆیە لەم ساتە وەختەدا گەڕان بەشوێن خاڵە بەهێزەکانی پەیوەندی نێوان گەلانی کەرکوکدا پێویستییەکی قۆناغەکەیە هەتا بەرنامەڕێژی ئایندەمان لەسەر بنەمای مێژوویی پێکەوەژیانماندا بێت و بەر لە سیاسەتی بەعەرەبکردن و تێکدانی پەیوەندییەکانمان و ڕاگواستنی هەردوو لامان لەلایەن رژێمی بەعسەوە ئایا لەسەر زەمینەی ژیانی کۆمەڵایەتی و کارگێری و بەڕێوەبردنەوە گرفتێکمان هەبووە؟ ئەگەر هەبووە با بزانین کێشە و گرفتەکان لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە و ئەگەر نا بۆچی ئایندەشمان لەسەر ئەو بنەما کۆمەڵایەتییە تەندروستانە دانەمەزرێنین؟!

تورکمان چ گرفتێکی لەگەڵ کورد هەیە؟ ئایا دوو نەتەوەی دابڕاو و هەڵگری مەیلی دوورکەوتنەوە و دوورەپەرێزین لەیەك یان لەسەر بنەمای خۆشەویستی و هاوسێیەتی و هاوڕێیەتی و کارو هاوکاری و ژنوژنخوازی پەیوەندیەکانیان دامەزراوە؟ ئەگەر دورکەوتنەوەیە، بۆچی؟ ئەگەر تەباییە بۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا نەبین؟ وەڵامی نادیاری ئەم پرسیارانە گرفتی ئەم توێژینەوەیەن.

### ٢- گرنگی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەکان بە گرفتێکی توێژینەوە (Research problem) دەست پێدەکەن[٣] تا چ ئەندازەیەك ئەو گرفتەش کاریگەریی لەسەر رەوشی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکە هەبێ، توێژینەوەکەش بایەخی تیۆری و پراکتیکی باڵاتری دەبێ.. گرفتی کەرکوك یەکێکە لەو گرفتانەی پەیوەندی بە چارەنوسی تێکڕای کورد و ئێراق و رۆژهەڵاتی ناوەراستیشەوە هەیە، لە چارەکردنی ئەم گرفتەشدا خودی خەڵکی شارەکە رۆڵی سەرەکی دەبینن لەم قۆناغەدا، پێکهاتەی دانیشتوانی شارەکە لەژێر هۆکارگەلێکی سیاسی و ئابووری و داگیرکاریدا پێکهاتەیەکی تێکەڵاوە لە نەتەوە و ئاین و مەزهەبی جیاواز.. یەکێك لەو نەتەوانەش

تورکمانە، بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت رۆشنایی دەخاتە سەر چۆنیەتی پێکەوە ژیانی کورد و تورکمان و چۆنیەتی بیرکردنەوەی تورکمان لە ئایندە و لە هەرێمێکی فیدراڵی کوردستانیدا. بۆیە ئەم توێژینەوەیە بێجگە لەوەی بایەخی تیۆری خۆی هەیە لە زیادکردنی مەعریفەی زانستی کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆجی لەسەر پێکەوەژیانی نەتەوە جیاوازەکان لەڕووی زمان و هەندێك دابونەریتەوە. بایەخی پراکتیکیشی هەیە بۆ چارەسەرکردنی مەیدانی هەندێك لە کێشەکانی ئەمڕۆی کەرکوك و زیاتر لەیەك نزیکبوونەوەی ئەم دوو نەتەوەیە.

**٣- ئامانجی توێژینەوەکە:**

لە میانی خستنەڕوو و روونکردنەوەی گرفتی توێژینەوەکە، تا ئاستێك بۆمان دەردەکەوێت. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە چییە، چونکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە بە گرفتی توێژینەوەکە دانراون وەك:

أ) تورکمان چۆن دەڕوانێتە ئایندەی پێکەوە ژیانی لەگەڵ کورد؟

ب) تورکمان لەگەڵ ئەوەدایە تەواوی ئاوارەکان بگەڕێنەوە؟

ج) تورکمان بڕواو متمانەی بە پیشتیوانی کورد هەیە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی؟

د) تورکمان ئامادەیە پشتیوانی کورد بکات لە گێڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان؟

ه) لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە تورکمان چۆن دەڕوانێتە رەوشەکە؟

و) ئایا پێشینەیەکی کۆمەڵایەتی پۆزەتیڤ لە پەیوەندی نێوان کورد و تورکماندا هەیە، هەتا ئایندەی لەسەر بونیاد بنێین؟

**٤- هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێکدا بۆ توێژینەوە دوو جۆر هۆکار هەیە پاڵ بە توێژەرەوە دەنێن بۆ هەڵبژاردن. ئەوانیش هۆکاری بابەتی و هۆکاری خودین، هۆکارە خودییەکان پەیوەندیان بە مەیل و ئارەزوو و حەز و ئاستی رۆشنبیری و زانستی توێژەرەکەوە هەیە، کە تا چەند لە روانینی ئەودا بابەتەکەی کاریگەری زانستی و خزمەت بە کۆمەڵگا دەکات.

هۆکارە بابەتییەکانیش بەهای زانستی توێژینەوەکە دەسەلمێنن و تا چەند بەشداری لە چارەسەری گرفتەکاندا دەکات(٤).

کەرکوك ئەرکی لەسەر هەموو کوردێك هەیە بەگشتی و کوردەکانی کەرکوك بەتایبەت، بۆیە یەکێك لە هۆکارە خودیەکان جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەیە. بێجگە لەوەی قۆناغەکە وەکو هۆکارێکی بابەتی دەخوازێ کورد و تورکمان بە رابردووی خۆیاندا بچنەوە و بناغەو بنەما کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندییەکانیان بخوێننەوە و ئاسەواری هەموو ئەو پیلان و کارە تێکدەرانەی بۆ لاوازکردنی پەیوەندییەکانیان پیادەکراوە بسڕنەوە و بیر لە ئایندەیەکی پێکەوە ژیانی پێشکەوتووتر بکەنەوە، کە ئەمڕۆ لەناو گەلانی پێشکەوتوو نموونەی زۆری هەیە.

**باسی دووەم: میتۆد و نموونە و گریمانەکانی توێژینەوەکە**

**١- میتۆدەکانی توێژینەوەکە:**

سەرکەوتنی هەر توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر سروشتی میتۆدە بەکارهاتووەکان ڕادەوەستێت میتۆدیش بریتییە لەو ڕێبازەی کە توێژەر، لە کۆکردنەوە و پۆلینکردن و شیکردنەوەی داتا کۆکراوەکانیدا بەکاری دێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی[٥]. توێژەر ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی میتۆد هەڵبژێرێت، بەڵکو سروشتی دیاردەکە یان بابەتی توێژینەوەکە میتۆد دەسەپێنێت، بۆیە بابەتی ئەم توێژینەوەیەش ئەم میتۆدانەی خوارەوەی سەپاندووە:

أ- میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە: ئەگەر ئەم میتۆدە لە کورتترین پێناسەدا بریتی بێت لەو پرۆسە سیستماتیککراوەی توێژەر لە ڕێگەیەوە هەوڵدەدات زانیاری لەسەر تەواوی ئەندامانی سنووری توێژینەوەکەی کۆبکاتەوە[٦]، ئەوا لەم توێژینەوەیەدا کە توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی وەسفیی شیکارییە بۆ ئەو ئامانجە بەکارهاتووە کە زانیاری تەواو لەسەر سەرجەم تورکمانی نیشتەجێی شاری کەرکوك کۆبکاتەوە، بەمەبەستی وەسفکردن و شیکردنەوەی پەیوەندییەکانیان بەئامانجی توێژینەوەکەوە، لەبەرئەوەی لە ڕووی پراکتیکیەوە لە تواناداا نییە ژمارەیەکی زۆری وەکو تورکمان لە کەرکوکدا ڕووپێو بکرێن، بۆیە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە وەرگیراوە، چونکە لەم میتۆدەدا ئەو زانیاریانەی وەردەگیرێن بەپێی ئامرازەکانی تایبەت بەخۆی لە توانادا هەیە گشتاندنیان بۆ بکرێت[٧].

ب- میتۆدی بەراوردکاری Comparative Method ئەم میتۆدە جەخت لەسەر بوارەکانی جیاوازی و لێکچوونی نێوان دیاردەکان دەکاتەوە هەتا ئەو هۆکار و بارودۆخەش دەستنیشان بکات، کە لەو جیاوازی و لێکچوونانەوە دەکەونەوە[٨]، ئەم بەراوردەش دەکرێ لە نێوان یەك دیاردە بێت لە دوو کۆمەڵگەی جیاواز یان لە یەك کۆمەڵگەدا، بەڵام لە دوو قۆناغی مێژوویی جیاوازدا[٩]. لەم توێژینەوەیەدا دیاردەکانی (ئابوری، ئەمن و ئاسایش، کێشە و گرفتی کارگێری و...هتد) لەلای نەتەوەی تورکماندا بەراورد کراوە بەپێی دوو قۆناغی مێژوویی جیاواز بەر لە پرۆسەی ئازادی لە نیسانی ٢٠٠٣ و دوای پرۆسەکە. هەتا لە ڕێگەی ئەم بەراوردکردنەوە ئاستی گەشبینی یان ڕەشبینی تورکمانمان بۆ دەرکەوێت بە ئایندە و بە فاکتەری نزیکبوونەوە یان دوورکەوتنەوەی هەژمار بکەین لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

**٢- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە هەندێك لەو ئامرازانە وەرگیراوە بۆ کۆکردنەوە و پۆلێنکردن و ڕێکخستنی زانیارییەکان کە بە کەرەستەی کۆکردنەوەی زانیاری دەژمێردرێت لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بە گشتی و ئەنترۆپۆلۆژیادا بەتایبەتی، وەکو:

سەرنج و تێڕوانین لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و گوێگرتن لە گوزارشتکردن و بەکارهێنانی چەمك و دەستەواژەی تایبەت لە کاتی ئاخافتنی ئەندامانی

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆ زانین و شیکردنەوەی ئەو تایبەتمەندیانە و پەیوەندیان بە تێکەڵاوی و پێکەوە ژیانەوە.

چاوپێکەوتن (المقابلة) لەگەڵ ئەوانەی نەخوێندەوارن بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی راپرسی یان پڕکردنەوەی فۆرم بۆ زیاتر لە کەسێك لە یەك کاتدا، واتە چاوپێکەوتنی کۆیی (جمعی) هەتا گفتوگۆی کراوە دروست بێت و لەسەر وەلامی پرسیارەکانیش بگەینە ئەنجامێك، بێجگە لەوەش لەکاتی چاوپێکەوتن دا زانیاری فرەچەشن و جۆراوجۆر دەست دەکەون و لە کاتی شیکردنەوەی زانیاریەکاندا زیاتر سوودی لێوەردەگیرێ.

ج- فۆرمی راپرسی: بریتییە لەو کۆمەڵە پرسیارەی کە ئەندامانی نموونەکە هەر خۆیان وەلامی دەدەنەوە بێ یارمەتی توێژەر. لەم توێژینەوەیەدا هەردوو شێوەکەی بەکارهاتووە[١٠]، (پرسیارنامە) (Questionnaire) دابەشکراوە، هەروەها جۆری دووەمیش (Schedule) بە ئامادەبوونی توێژەرو لە شێوەی نیمچە چاوپێکەوتندا پڕکراونەتەوە. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١) کە بریتییە لە (٣١) پرسیار کە بە چەندین پسپۆری بواری کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیا پیشاندراوە[*] دوواتر (٢٠٠) فۆرم دابەشکراوە بێجگە لە (٧) فۆرمی زیادەش بۆ نەهاتنەوە و تەواو پڕنەکردنەوە و هەبوونی کەم و کورتی لەو (١٠٠) دانەیەی بە دابەشکردن زانیاریەکان کۆکراونەتەوە.

### ٣- بوارەکانی توێژینەوەکە:

یەکێك لە مەرجەکانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی دیاریکردنی سنووری توێژینەوەکەیە، بەتایبەتی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەر سێ سنووری (شوێن، مرۆیی، کات) دەبێت چوارچێوەیان دیاری بکرێت، هەتا دەرئەنجامی توێژینەوەکە شایانی گشتاندن بێت و ئاراستەکانی توێژینەوە و هەنگاوە میتۆدیەکانیشی دیاریکراوبن[١١]، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە سنوورەکانی ئەم توێژینەوەیە بەم جۆرەیە:

بواری شوێن تەنیا شاری کەرکوك دەگرێتەوە، واتە شاری کەرکوك کە چەقی پارێزگاکەیە، زۆرترین ژمارەی تورکمانی لێیە بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تری پارێزگای کەرکوك.

بواری مرۆیی لەبەرئەوەی بابەتی توێژینەوەکە بریتییە لە (بنەما کۆمەڵایەتیەکانی چارەنوسی هاوبەش لە نێوان کورد و تورکمان) بۆیە ئەو تورکمانانە دەگرێتەوە کە لە ناوەندی کەرکوکدا نیشتەجێن، لەناو ئەوانیشدا (٢٠٠) تاك وەك نموونە بە شێوەی هەڕەمەکی وەرگیراون.

ج- بەهۆی بەکارهێنانی هەردوو بواری فۆرمی راپرسی (دابەشکردن و پڕکردنەوە بە ئامادەبوونی توێژەر) بێجگە لە چاوپێکەوتن، بۆیە کۆکردنەوەی زانیاریەکان نزیکەی دوو مانگی خایاندووە (لە سەرەتای تشرینی دووەم هەتا کۆتایی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥)

**٤- نموونەی توێژینەوەکە:**

بۆ هەڵبژاردنی نموونەیەك شایانی نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بێت پشت بەو یاسایە بەستراوە کە پرۆفیسۆر مۆزەر Moser دایهێناوە(١٢)، لە ڕێگەی یاسای:

$$\text{ق نم} = \frac{\text{ل}^{٢}\ \text{پ ك}}{\text{ن ژل پ نم}^{-٢}}$$

ق نم= قەباری نموونە

ل٢ پ ك= لادانی پێوانەیی کۆمەڵگەی توێژینەوە

ن ژل پ نم= ناوەندی ژمارەیی لادانی پێوانەیی نموونەکە:

توێژەر پێیوایە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، کۆمەڵگەیەکی یەکانگیرە، نزیکن لەیەکەوە بۆیە لادان لە نێوانیاندا نزمە، کۆمەڵگەیەکی هاوشێوەن تا ڕادەیەکی زۆر، بۆیە بە ١٣ یان ١٤ی دادەنێت و ڕادەی متمانەش بە (٢) پلە و ئاستی متمانەش بە (٩٥٪) واتە ئەگەری هەڵە بە (٥) پلە. لە خشتەی ئیحتمالیدا پلەی دەلالەتی ئاماری ئاستی متمانەی (٩٥٪) بریتییە لە (١,٩٦)، ئەگەر ڕادەی متمانە دوو بێت واتە:

$$\frac{٢}{١,٩٦} = ١,٠٢ \quad \text{بۆیە (ن ژل پ نم}^{-٢}\text{)} = (١,٠٢)^{٢}$$

$$\text{واتە قەبارەی نموونەکەمان} = \frac{(١٣)^{٢}}{(١,٠٢)^{٢}} = ١٦٢ \text{ کەس}$$

$$\text{یان } \frac{(١٤)^{٢}}{(١,٠٢)^{٢}} = ١٨٨ \text{ کەس.}$$

بەڵام بۆ ئاسانی ئەنجامدانی کارە ئامارییەکان (٢٠٠) تاکمان وەرگرتووە بە نموونە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا.

**٥- گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

گریمانە ئەو هەڵهێنجانە نارەمەکیەی توێژەرە کە لە ئەنجامی پسپۆری و شارەزایی و لەسەر بنەمای زانیاری تیۆریەوە بەدەستی هێناوە لەرێگەی سەرنج و تێڕوانینەوە، ئەم زانیاریە تیۆریانەش شایانی ئەزموون و تاقیکردنەوەن(١٣)، بۆ سەلماندنی راستیان یان رەتکردنەوەیان. لەم توێژینەوەیەشدا توێژەر بەپێی مەزەندەی خۆی چەند گریمانەیەکی داناوە بۆ بەدەرخستنی راستیان یان پوچەڵکردنەوەیان، ئەم مەزەندەیەش لەسەر بنەمای ژیانی تایبەتی خۆی لە کەرکوك و شارەزایی لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دروست بووە، گریمانەکانیش بریتین لە:

لــەڕووی پەیوەنــدی کۆمەڵایەتییــەوە کــورد و تورکمان لە کەرکوك هیچ کێشەیەکیان نییە.

زۆربەی خێزانە کورد و تورکمانەکان لە کەرکوك پەیوەندی ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا هەیە.

تورکمان لەگەڵ گەڕانەوەی ئاوارەکانی کورددایە بۆ کەرکوك.

تورکمان لەگەڵ ناردنەوەی عەرەبی تەعریبدایــە بۆ شوێنی رەسەنی خۆیان.

تورکمــان ناڕازیــە لــە چــۆنیەتی بــەڕێوەبردنی کەرکوك لەڕووی ئەمنیەوە.

تورکمان پشتگیری کورد دەکات بــۆ گێڕانــەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

لــەدوای پرۆســەی ئازادیــەوە تورکمانــەکان وا هەســت دەکــەن ژیانیــان باشــتر بــووە لــەڕووی ئابورییەوە.

## باسی سێیەم: دیاریکردنی چەمکە بنەڕەتییەکان

### ١- بنەما کۆمەڵایەتییەکان:

وشەی کۆمەڵایەتی یەکێکــە لــەو چــەمکانەی تاڕادەیــەك لــێڵ و تەمومژاویــە، تەنانــەت لــە فەرهەنگە نوێیەکانی کۆمەڵناسیشدا ئەم چەمکە بە چاکی روون نەکراوەتەوە[١٤]، بەڵام لە زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکاندا خەسڵەتی کۆمەڵایــەتی (social) دەچێتە نــاو زاراوەی (ژیــانی کۆمەڵایەتیــەوە) کــە واتای ژیان لە کۆمەڵگەدا دەگەیەنێت[١٥].

### ٢- تورکمان:

وەکو زاراوە مێژوونووسان کۆك نین لەسەر مانای وشەی تورکمان[١٦]، بیروبۆچــوونی زۆر خراوەتــە ڕوو چ لــەڕووی مانــاو چ لــەڕووی بنەچــەو رەگــەز و سەرەتای پەیدابوونیان لە ناوچەکە[**] بەڵام لیژنەی کۆمەڵــەی گــەلان لــە راپۆرتەکەیــدا دوای جــەنگی جیهانی یەکەم بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان ئێراق و تورکیا لەبارەی تورکمانەوە دەڵێن ((تورکمان لەو گروپە مەغۆلیانەن کە لــە ناوەڕاســتی ئاســیاو لــە ســەدەی یــانزەی زاینیــەوە بــۆ کوردســتانی ئێــراق هاتوون، هەر لە دوای موسڵمان بوونیانــەوە پێیــان وتراوە تورکمان)). مەبەست لە تورکمانیش هــەموو ئەو گروپانەن کە لە ناوچەکانی فارس و ئازەربایجــان و ئێــراق و ئاســیای بــچوك و ســوریا و میــسر نیشتەجێ بوون. لــەم توێژینەوەیــەدا مەبەســت لــە تورکمان لەو گروپەیە کــە لــەناو شــاری کەرکوکــدا نیشتەجێن و خۆیان بە تورکمان و تا ئەندازەیەکیش لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بەجیاواز دەزانن.

## تەوەرەی دووەم
## خستنەڕووی زانیارییەکان

### باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکان

**١- ڕەگەز:**

لە خشتەی ژمارە (١)دا بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕێژەی نێر لە نموونەی توێژینەوەکەدا (٧٥٪) بەرامبەر بە (٢٤٪) رەگەزی مێ، لە (١٪)یش رەگەزیان دیاری نەکردووە.

تا ئێستا لە کۆمەڵگای کوردستانیدا بێ رەچاوکردنی جیاوازییە ئەتنییەکان، پیاو لە بڕیارەکانی ناو خێزاندا رۆڵی سەرەکی دەبینێت، رەنگە لە زۆربەی ڕاو بیرو بۆچونەکانیشدا ئەندامانی خێزان پاشکۆی بیری پیاو بن، هەڵگری هەمان ئایدیا و ئاراستەی سیاسیش بن، بۆیە بەرزی ڕێژەی پیاو لەم توێژینەوەیەدا خاڵێکی پۆزەتیڤە ئەگەر بڕیارەکانیش بە کۆمەڵ وەربگیرێن لەناو خێزاندا.

**٢- تەمەن:**

لە خشتەی ژمارە (٢) بۆمان دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژەی نموونەکە ئەو کەسانەن کە تەمەنیان لە نێوان (٣٨ — ٤٧) ساڵیدایە کە ڕێژەی (٢٥,٥٠٪) نموونەکە پێکدێنن، ئەم تەمەنە لەناو رووداوەکاندا لە دایك بوون و پێکەوە ژیانی برایانەی بەر لە سیاسەتی تەعریبیان نەدیووە، پێشبینی ئەوە دەکرێت زۆرترین کاریگەری دەمارگیری نەتەوەیی بەم توێژەوە دیار بێت بەهۆی بەرنامە رەگەزپەرستیەکانی بەعسەوە بۆ تێکدانی نێوان نەتەوەکان.

لە دوای ئەمان توێژی تەمەنی (٤٨ — ٥٧) ساڵی دێت کە ڕێژەکەیان (٢٤٪) نموونەکەیە ئەم توێژە وەکو یادەوەریەکی منداڵی کارەساتەکانی (١٩٥٨ و ١٩٥٩)یان دیوە لە کەرکوك، دوژمنانی برایەتی کورد و تورکمان وەکو چیرۆك ئەم رووداوانەیان گێڕاوەتەوە و هەوڵیانداوە تۆوی رق و دووبەرەکی لە دڵیاندا بچێنن، بۆیە ئەگەر هەردوو ڕێژەکە کۆبکەینەوە دەکاتە (٤٩,٥٠٪) نزیکەی نیوەی ئەندامانی نموونەکە لە رووی تەمەنەوە لە قۆناغێکدا ژیاون بە قازانجی برایەتی کورد و تورکمان نەبووە.

لە بەرامبەر ئەمانەشدا بەڕێژەی (٢٠,٥٠٪) تەمەنیان لە نێوان (٥٨ — ٦٧) ساڵیدایە و ڕێژەی (٧,٥٠٪) تەمەنیان لە نێوان (٦٨ — ٧٨) و بەڕێژەی (٧٪)یش تەمەنیان لە (٧٨) ساڵ و زیاترە. هەموو ئەمانە ژیانی بەر لە گۆڕانکاریەکانیان دیوە و ئەگەری برایەتیان لێ دەکرێت. کە سەرجەم ڕێژەیان دەکاتە (٣٤,٥٠٪). لەگەڵ ئەمانەشدا ڕێژەی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٢٨ — ٣٧) ساڵیدایە لە (١٠٪) یە و ئەوانەش کە تەمەنیان لە نێوان (١٨ — ٢٧) ساڵیدایە لە (٣,٥٠٪)ی نموونەکە پێکدێنن، ئەمانەی نەوەی جەنگە یەك لە دوای یەکەکانی رژێمی بەعسن و کەمترین یادەوەری باشیان لەگەڵ کورددا هەیە،

بۆیە ئەگەر کاریگەری پەروەردەیی خێزانیان لەسەر نەبێت چاوەڕوانی بیرکردنەوەی باشیان لێ ناکرێت کە ڕێژەکەیان (١٣,٥٠٪) نموونەکەیە.

ڕێژەی (٢,٥٠٪) نموونەکەش تەمەنیان دیاری نەکردووە.

**٣- ئاستی خوێندەواری:**

لە خشتەی ژمارە (٣)دا بۆمان دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژەی نموونەکە دەرچووی سەرەتایین کە ڕێژەیان (٢٢,٥٠٪) لە دوای ئەوانیش لەڕووی چەندایەتیەوە دەرچوانی ناوەندی دێت، کە ڕێژەکەیان (٢١,٥٠٪) بە کۆکردنەوەی هەردوو ڕێژەکە بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی (٤٤,٠٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە لە ئاستی سەرەتایی و ناوەندین، ئەمەش پێشبینی ئەوەمان دەداتێ زەمینەی کارتێکردنی بەعس لەبار بووە. بێجگە لەوەش ڕێژەی (٨٪) نموونەکە نەخوێندەوارن، ئەگەر ئاستی خوێندەواری بکەینە پێوەر بۆ هۆشیاری و جیاکردنەوەی ڕاستیەکان ئێمە لە بەردەم نموونەیەکداین لە (٥٢,٠٠٪)ی ئەندامەکانی نەخوێندەوار و سەرەتایی و ناوەندییە، تەنیا ڕێژەی (١٧,٥٠٪)ی نموونەکە دەرچووی ئامادەیی و ڕێژەی (١٥,٠٠٪) دەرچووی پەیمانگا و ڕێژەی (١٥,٠٠٪)ش دەرچووی زانکۆن، ئەم ڕێژانەش بۆ نەتەوەیەکی وەکو تورکمان کە شارنشین و زۆربەی بنەماڵەکانیان لە کارمەند و پلەداری سەربازی و فەرمانبەرانی عوسمانی بوون ڕێژەیەکی بەرز نییە، ئەمەش جۆرێك لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و ستەمی بەعس پیشان دەدات کە چۆن تا ئەم سەردەمە ڕێژەی هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆ لە ئاستێکی نزم دایە لە شاری کەرکوك، بەتایبەت لەناو تورکماندا.

**٤- شوێنی لە دایکبوون:**

لە خشتەی ژمارە (٤)دا بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی (٨٥,٥٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە لە ناوەندی شار لە دایکبوون و تەنیا (١٢,٥٠٪) لە ناوچە و شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای کەرکوك و (١,٥٠٪) لە دەرەوەی پارێزگای کەرکوك لە دایکبوون، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکە دەکاتە (٩٨,٠٠٪) خەڵکی ڕەسەنی شارەکەن و هاتوو نین، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ گوزارشت کردنی نموونەکە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان کە بریتییە لە دانیشتوانی ناوەندی کەرکوك.

**٥- ژمارەی ئەندامانی خێزان:**

لە خشتەی ژمارە (٥)دا بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی (٥٧٪) نموونەکە خێزانەکانیان لە (٣-٤) کەس پێکهاتووە و ڕێژەی (٢١٪)یش خێزانەکانیان (٥-٦) کەسن، لە دووای ئەمانیش ڕێژەی (١٧,٠٠٪) دێت کە ئەو خێزانانەن (١-٢) کەسن، بە کۆکردنەوەی ئەم ڕێژانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەی (٩٤,٠٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە خێزانەکانیان لە (١-٦) کەس پێکهاتووە، ئەمەش بچوکی خێزانی تورکمان پیشان دەدات بە بەراورد

لەگەڵ خێزانی کورد بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر خێزان کراون لە کۆمەڵگای کوردیدا(***). لەلایەکی تریش ئەمە نیشانەی شارنشینی و کولتووری شارە لەناو تورکماندا، کە دەبینین تەنیا ڕێژەی (٢,٥٠٪) خێزانەکانیان لە (٧-٨) کەس پێکهاتووە و ڕێژەی (١,٠٠٪)یش (٩-١٠) و بەهەمان شێوە ڕێژەی (١,٠٠٪)یش لە (١٠) کەس زیاترن.

## ٦- پیشەی سەرۆکی خێزان:

لە خشتەی ژمارە (٦)دا بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژەی نموونەکە ڕێژەی (٤٠,٥٠٪) فەرمانبەرن، ئەمەش دیوێکی تری سیماکانی شارنشینی کۆمەڵگای تورکمانییە، پێشینەی شارنشینیان دەردەخات کە مامەڵەیان لەگەڵ دەسەڵاتدا رابردوویەکی دووری هەیە بەتایبەت ئەگەر ڕێژەی (١١,٥٠٪)ی خانەنشینانیش بخەینە سەر، کە ئەمانیش بێگومان لە سەردەمێکدا کارمەند و فەرمانبەری دەوڵەتی بوون دەگەینە ڕێژەی (٥٢٪)ی نموونەکە مووچە لە دەسەڵات وەردەگرن، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی پێشبینی بکەین کە کاریگەری بەرنامەکانی بەعس لەسەریان زۆرتر بووە بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی (٣٣٪)ی نموونەکە کە کاسب و کاری ئازادیان کردووە، بێجگە لەوەی (٤,٥٠٪) نموونەکە کاری هەمەجۆر دەکەن، ڕێژەی (٢,٥٠٪)ی نموونەکە ئافرەتی ماڵەوەن. ئەگەر ئەو خشتەیە بەراورد بکەین بە خشتەی ژمارە (١) کە ڕێژەی (٢٤٪)ی نموونەکە ئافرەتن بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی (٢١,٥٠٪) ئافرەتانی فەرمانبەرن پاڵپشت بە پیشەکانی تر، واتە ڕێژەی دەرچوونی ئافرەت و کارکردنی لە فەرمانگەکاندا لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش بەڵگەی کرانەوەی کۆمەڵگای تورکمانە و دەکرێ دەسەڵاتی سیاسی کورد سوود لەم تایبەتمەندیە وەربگرێت بۆ چەسپاندنی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کاراترکردنی ڕۆڵی ئافرەت لە فەرمانگە و کارە فەرمیەکاندا.

## ٧- خاوەنداریێتی خانوو:

لە خشتەی ژمارە (٧)دا بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی (٦٩٪)ی ئەندامانی نموونەکە، خانووی خۆیانە و ڕێژەی (٢٦٪)یش کرێچین و تەنیا (٣,٥٠٪) لە خانووی حکومیدا دادەنیشن و ڕێژەی (١,٥٠٪)ش لە لایەن خزم و کەس و خەڵکانی ترەوە خانوویان بۆ دابین کراوە.

بە هۆی نیشتەجێ بوونی تورکمان لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی و پێشتریش، توانیویانە ببنە خاوەنی زەوی و زاری نیشتەجێبوون و بازرگانی و کشتوکاڵیش، بەڵام بە هۆی سیاسەتی بەعس و ئاوارەبوون و دەست بەسەردا گرتنی موڵکەکانیان و ڕێگەنەدان بە دروستکردنی خانووبەرە و ئەنجام نەدانی ئاسانکاری بۆیان بە ڕێژەی (٢٦٪) دەبینین لە کرێدا دادەنیشن. لەم ڕووەوە سودیان لە حکومەت نەبینیوە تەنیا لە (٣,٥٠٪) بە هۆی فەرمانبەری یان کارکردن لە دەزگا فەرمی و سەربازیەکاندا خانوویان لە حکومەت وەرگرتووە.

**٨- دوای پێکهێنانی خێزان سەربەخۆی یا لەگەڵ دایك و باوکت ژیان بەسەر دەبەیت:**

لە خشتەی ژمارە (٨)دا بۆمان دەردەکەوێت بە ڕێژەی (٦٦,٥٠٪)ی خێزانانی نموونەکـە بەشـێوەی سەربەخۆ دادەنیشن و لـە بەرامبـەر ئەمەشـدا بـە ڕێژەی (٣٢٪) پاش هاوسەرگیری لە دایـك و بـاوك جیـا نەبوونەتـەوە یـان لەگـەڵ خێزانـی تـر لـە خانوویەکـدا دەژیـن، ئەمـەش دیـوێکی تـری ستەمەکانی بەعس پیشان ئەدات لەسـەر تورکمـان کە دانیشتوانی دێرین و ڕەسەنی شارەکەن و، کەچی (٣٢٪) نموونەکە نـاتوانن لـە خـانووی سـەربەخۆدا بژین، ئەمەش بە بـەراورد لەگـەڵ خـشتەی ژمـارە (٩)دا زیاتر کێشەی نیشتەجێ بوونمان بۆ دەردەخات لەناو تورکماندا کە ڕێژەی (٢٦٪) کرێچین.

**٩- پێشینەی خێزانی نموونەکە:**

لە خشتەی ژمارە (٩) بۆمان دەردەکـەوێت کـە ڕێژەی (٨٥,٥٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە لە شـاردا لەدایکبوون، کەواتە پێشینەیەکی شارستانیان هەیە و تەنیا (٩٪)ی نموونەکـە لـە لادێ لـە دایکبـوون. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات تورکمـان لـە کـەرکوك نەتەوەیـەکی شارسـتانیە و پێـشینەیەکی لادێـی کەمی هەیە و هەر لە کۆنەوە لە ناوەندی شارەکەدا نیشتەجێ بوون. بەڕێـژەی (٥,٥٠٪)ی نموونەکـەش پێشینەی خۆیان دیاری نەکردووە.

**باسی دووەم: خستنەڕووی زانیارییە تایبەتییەکان:**

**١- بوونی خێزانی کورد لە گەڕەك:**

لە خشتەی ژمارە (١٠)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٩٨٪)ی ئەندامانی نموونەکە دەڵێن خێزانی کورد لە گەڕەکەکەماندا هەیە و تەنیا (٢٪) دەڵێن لەو گەڕەکەی ئێمە تێیدا دەژین هیچ خێزانێکی کوردی لێ نییە، لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت تێکەڵاوی کورد و تورکمان لە گەڕەکەکاندا و پێکەوە ژیان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و دابڕان لە نێوانیاندا نییە، ئەمەش ڕێگا خۆشکەرە بۆ لەیەك تێگەیشتن و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پێشبینی پۆزەتیڤی لێ دەکرێت تاکو لە پرسە چارەنوسسازەکاندا تەباو هاوڕا بن.

**٢- هاوسێیەتی لەگەڵ کورد:**

لە خشتەی ژمارە (١١)دا بۆمـان دەردەکـەوێت ڕێژەی (٧٧٪)ی ئەندامانی نموونەکە دەڵێن هاوسێی خێزانی کوردین و ڕێژەی (١٥,٥٠٪)ی ئەنـدامانی نموونەکەش دەڵێت هاوسێی کوردمان نییە و ڕێـژەی (٧,٥٠٪)ش وەلامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە.

بە بـەراورد لەگـەڵ خـشتەی ژمـارە (١٠) بۆمـان دەردەکەوێت نزیکی شوێن و تێکەڵاوی لە نێوان کورد و تورکمان لە ئاستێکی زۆر باش دایە لە کەرکوك بێجگە لـەوەی لـە گەڕەکێکـدا پێکـەوە دەژیـن بەڕێـژەی (٧٧٪)یش هاوسێی یەکترن، هـەروەکو ئاشـکرایە لـە

کۆمەڵگای کوردستانی و لە ئاینی ئیسلامیشدا هاوسێ ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە و لە خۆشی و ناخۆشیەکاندا زۆرجار هاوبەشی یەکن.

**٣- سەردانی کورد و تورکمان:**

لە خشتەی ژمارە (١٢)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٦٧,٥٠٪) لە هەموو ئەوانەی دەڵێن کە خێزانی کورد لە گەڕەکەکانماندا هەیە یان هاوسێی خێزانێکی کوردین سەردانی یەکتری دەکەن بەڵام ڕێژەی (١٩٪)ی ئەندامانی نموونەکە یان هاوسێیان نییە یان وەڵامیان نەداوەتەوە، تەنیا (١٣,٥٠٪) سەردانی خێزانە کوردەکان ناکەن لە گەڕەکەکەیاندا، سەردانی خێزانی ئاماژەیەکی گرنگە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و نزیکی لە بیر و بۆچوون و چۆنیەتی تێڕوانین بۆ ئایندە.

**٤- پێویستی پەیوەندی لەگەڵ خێزانی کورد:**

لە خشتەی ژمارە (١٣)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٧٢٪)ی ئەندامانی نموونەکە پێیانوایە کە پێویستە پەیوەندیان لەگەڵ خێزانە کوردەکاندا هەبێت و ڕێژەی (١٢٪)ش بە پێویستی نازانن، ڕێژەی (١٦٪) ئەوانەن خێزانی کورد هاوسێیان نییە، یان وەڵامی پرسیارەکەیان نەداوەتەوە.

لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەیەکی بەرزی ئەندامانی نموونەکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان هاوسێدا بە پێویست دەزانن بێ ڕەچاوکردنی جیاوازی نەتەوەیی، کەچی ڕێژەیەکیش بە پێویستی نازانن، مەرج نیە بە هۆی جیاوازییەکانەوە بێت، بەڵکو دەکرێ بەهۆی ئاکار و ڕەوشتی شارستانێتی و کاریگەری مەدەنیەت و جۆری پیشە و کولتووری سەرمایەدارییەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لاواز بوو بێت.

**٥- هاوکاری و تەبایی لە نێوان دانیشتوانی گەڕەك:**

لە خشتەی ژمارە (١٤)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٨٥٪)ی ئەندامانی نموونەکە پێیانوایە هاوکاری و تەبایی لە نێوان دانیشتوانی گەڕەکەکەیاندا هەیە و بە پێچەوانەش ڕێژەی (١٣٪) پێیانوایە هاوکاری نییە و ڕێژەی (٢٪)ش وەڵامی پرسیارەکەیان نەداوەتەوە.

لە ڕێگای بەراوردکردنی خشتەکانی ژمارە (١٠ و ١١ و ١٢) بۆمان دەردەکەوێت هاوکاری و تەبایی لە نێوان کورد و تورکماندا لە ئاستێکی زۆر بەرز دایە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، بەتایبەت پێکەوە ژیان و هاوسێیەتی و بوونی هاوکاری لە نێوانیاندا ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ پێشبینی کردنی تەبایی لە ڕووی سیاسی و کێشە چارەنوسازەکانی پەیوەست بە هەردوو نەتەوەوە.

**٦- هاوکاری کورد لە کاردا:**

لە خشتەی ژمارە (١٥)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٧٢,٥٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە لە کارەکانیاندا هاورێی کوردیان هەیە و پێکەوە کار دەکەن، ڕێژەی (٢١,٥٠٪) هاورێی کوردیان نییە

لەسەر کـار، ڕێـژەی (٣٪) وەڵامـی پرسـیارەکەیان نەداوەتەوە.

ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیڤی ترە بۆ تێکەڵاوی و پێکەوە کارکردن و نزیکبوونـەوەی هـەردوو نەتـەوە لەیەکتر کە بە ڕێژەیەکی بەرز دابڕانی پیـشەیی لـە نێوانیاندا نییە.

**٧- هاوڕێیەتی کوردان:**

لە خشتەی ژمارە (١٦)دا بۆمـان دەردەکـەوێت کە ڕێـژەی (٨٤٪)ی ئەنـدامانی نموونەکـە بێجگـە لەوەی هاوسـێ و هـاوڕێی کوردیـان هەیـە لەسـەر کارەکانیاندا، لە دەرەوەش هاوڕێیەتی کورد دەکەن، بە ڕێژەی (١٤,٥٠٪)ش دەڵێن هـاوڕێی کوردمـان نییە و ڕێژەی (١,٥٠٪) وەڵامیان نەداوەتەوە.

هاوڕێیەتی و بـرادەری پێـوەرێکی گرنگـە بـۆ لێراهاتن و پێکەوە گونجان و کارلێکی کۆمەڵایـەتی ئەمەش بەڵگەی نـەبوونی دەمـارگیری نەتـەوەیی و گۆشەگیریە لە نێوان کورد و تورکماندا لە کەرکوك. ئەگـەر هاوسـێیەتی و کـار و پیـشە لـە ڕێگـای پێویـستیەکانی ژیانـەوە خۆیـان بەسـەر تاکەکانـدا سەپاندبێت و بە پێوەرێکی بەهێز هـەژمار نـەکرێن بۆ تەبایی و خۆشەویستی بەڵام هاوڕێیـەتی کردنـی لە ڕێگای هەڵبژاردن و بە پێـی خواسـت و ویـستی تاکـەکان، ئاماژەیـەکی بـەهێزە بـۆ قبـوڵکردنی یەکتری.

**٨- هاوڕێیەتی منداڵانی کورد و تورکمان:**

لە خشتەی ژمارە (١٧)دا بۆمـان دەردەکـەوێت کە ڕێژەی (٩١,٥٠٪) ڕێگا بە منداڵەکانیان دەدەن هاوڕێیـــەتی منـــداڵانی کـــورد بکـــەن و ڕێـــژەی (٥,٠٠٪) ڕێگا نادەن و ڕێژەی (٣,٥٠٪) وەڵامیان نەداوەتەوە.

ئـەم خـشتەیە بـەراورد بکـەین بـە هـەردوو خشتەکانی ژمارە (٤ و ٩) بۆمان دەردەکەوێت لەم کۆمەڵگایانـــەدا پـــەروەردەکردنی منـــداڵ بـــێ بەرنامەڕێژی نییە، بۆیـە ڕێگـەدان بـە هاوڕێیـەتی کردن هـەر لـە منداڵیـەوە بەڵگـەی هەوڵدانـە بـۆ دروست نەبوونی دەمـارگیری نەتـەوەیی و سـڕینەوە یان کەمکردنەوەی جیاوازییەکان.

**٩- یاریکردنی منداڵی تورکمان لەگەڵ منداڵانی:**

لە خشتەی ژمارە (١٨)دا بۆمـان دەردەکـەوێت کە ڕێژەی (٩٠,٥٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە ڕێگـە لە منداڵەکانیان ناگرن کە لەگـەڵ منـداڵانی کـورد یاری بکەن و ڕێژەی (٦,٥٠٪) ڕێگە نادەن و ڕێژەی (٣,٠٠٪) وەڵامیان نەداوەتەوە.

لە ڕێگای یاریکردنەوە منداڵان بـە کولتـووری یەکتری ئاشنا دەبن و سەرتایەکیشە بۆ هاوڕێیـەتی کردنی ئایندە، ئەگەر ئەم خـشتەیەش بـە خـشتەی ژمارە (١٦) بەروارد بکەین دەبینین هاوڕێیەتی لـە نێوان کورد و تورکماندا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایـە و زەمینەی ئەو هاوڕێیەتیەش دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەم قۆناغە.

**١٠- تێکەڵاوی منداڵی تورکمان و کوردی لە قوتابخانە:**

لە خشتەی ژمارە (١٩)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٩٠,٥٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە ڕێگا بە منداڵەکانیان دەدەن لەگەڵ منداڵانی کور بخوێنن و پێکەوە بڕۆن بۆ قوتابخانە، ڕێژەی (٦٪)یش ڕێگا نادەن و ڕێژەی (٣,٥٠٪) وەڵامیان نەداوەتەوە.

دەستنیشانکردنی قوتابخانە و زمانی خوێندن و رشتەی زانستی بۆ منداڵ بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت لە بیرکردنەوەی هەر کۆمەڵگایەکدا لە ئایندە بۆیە ئەم ڕێژە بەرزەش ئاماژەیەکی گرنگی ترە بۆ تەبایی و بیرکردنەوەی کورد و تورکمان لە ئایندەیان.

**١١- بەشداریکردن لە بۆنە و یادەکانی کورددا:**

لە خشتەی ژمارە (٢٠)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٩٤٪)ی ئەندامانی نموونەکە بەشداریان لە ئاهەنگ گێڕان و پرسەی کوردیدا کردووە بە ڕێژەی (٦٪)یش بەشداریان نەکردووە. ئەگەرچی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەشداریکردن لە ئاهەنگ گێران جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ بەشداریکردنی پرسە و ناشتنی مردوو، چونکە بۆنەکانی مارەبڕین و گوستنەوە بە پێی بانگێشت و داوەت کردنە کەچی پرسە بە پێی خەم و بە تەنگەوە هاتنە، بەڵام هەردووکیان ئاستی بەشداری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پیشان ئەدەن لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە چ داوەتکردنی کورد بۆ تورکمان لە ئاهەنگەکاندا و چ بەدەنگەوەهاتنی تورکمان بۆ کورد لە ماتەمینیەکاندا لە چ ئاستێکی بەرزدایە.

**١٢- ژن و ژنخوازی لە نێوان کورد و تورکمان:**

لە خشتەی ژمارە (٢١)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٦٦٪)ی ئەندامانی نموونەکە ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا هەیە لەگەڵ کورد و، ڕێژەی (٣٢,٥٠٪) ئەم جۆرە پەیوەندیەیان نییە و ڕێژەی (١,٥٠٪) وەڵامیان نەداوەتەوە.

لە هەموو ئەو توێژینەوە ئەنپرۆپۆلۆژی و کۆمەڵناسیانەی لەسەر رەگەزە جیاوازەکان کراون جەخت لەسەر پێوەری پەیوەندی هاوسەرگیری دەکەن کە گرنگترین ئاماژەی نەمانی دەمارگیری و توانەوەی جیاوازییەکانە کە گروپە جیاوازەکان تێکەڵاوی یەکتر دەبن و پەیوەندی خزمایەتی دروست دەکەن.

**١٣- هاوسەرگیری لە نێوان کورد و تورکمان:**

لە خشتەی ژمارە (٢٢)دا بۆمان دەردەکەوێت، ئەوانەی دیاردەی هاوسەرگیری لە نێوان کورد و تورکمان بە دیاردەیەکی ئاسایی دەزانن ڕێژەیان (٨٥,٥٠٪)یە و ئەوانەش بە ئاسایی نازانن ( ١٣,٥٠٪) و ڕێژەی (١,٥٠٪) وەڵامیان نەداوەتەوە.

بە بەراوردکردنی ئەم خشتەیە لەگەڵ خشتەی ژمارە (١٩) بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوانەش پەیوەندیان لەگەڵ خێزانە کوردەکان بەهۆی تێکەڵاوی هاوسەرگیریەوە نییە، بەڵام بەلایانەوە

کارێکی ئاسایی و ڕێگە پێدراوە، نابێتە لەکەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ بنەماڵەکە. ئەمەش بیرکردنەوەیەکی کۆمەڵگای شارنشینیە کە لە خشتەی ژمارە (٩)دا بۆمان دەرکەوت.

**١٤- خوازبێنی کردنی کچی کورد:**

لە خشتەی ژمارە (٢٣)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٧٠,٥٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە ڕێگا دەدەن کوڕەکانیان کچی کورد بخوازن و ڕێژەی (٢٦,٥٠٪) ڕێگا نادەن و ڕێژەی (٣٪) وەڵامیان نەداوەتەوە.

ئەگەر بە خشتەی ژمارە (٢٢)ی بەراورد بکەین دەبینین ئەگەرچی لە ڕووی تیۆریەوە ڕێژەیەکی بەرزتر بڕوایان بەوەیە کە هاوسەرگیری لە نێوان کورد و تورکمان کارێکی ئاساییە، بەڵام ڕێژەیەکی نزمتر بۆ خۆیان ڕێگە دەدەن... ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە سەرەڕای شارنشینی تورکمان هێشتا لە ڕووی تیۆر و پراکتیکەوە جیاوازییەکیان هەیە.

**١٥- مێردکردن بە کوڕی کورد:**

لە خشتەی ژمارە (٢٤)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٦٧,٥٠٪) ڕێگا دەدەن کچەکانیان مێرد بە کوڕی کورد بکەن و لە بەرامبەریشدا (٢٩٪) ڕێگا نادەن و ڕێژەی (٣,٥٠٪) وەڵامیان نەداوەتەوە.

ئەگەر ئەم خشتەیە بە خشتەی ژمارە (٢١) بەراورد بکەین دەبینین ڕێژەی ئەوانەی ڕێگا دەدەن کوڕەکانیان کچی کورد بێنن بەرزترە لە ڕێژەی ئەوانەی کە ڕێگا دەدەن کچەکانیان مێرد بە کوڕی کوردی بکەن، ئەمەش بەڵگەی مانەوەی پاشماوەی بیری خێڵەکی و کۆمەڵگای لادێیە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە بیری تورکماندا.

**١٦- کورد و پشتیوانیکردنی تورکمان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی:**

خشتەی ژمارە (٢٥)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٥١٪)ی ئەندامانی نموونەکە پێیانوایە کورد پشتیوانی تورکمان ناکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و ڕێژەی (٤٧,٥٠٪)ش بە پێچەوانەوە پێیانوایە کورد کە پشتیوانیان دەکات و ڕێژەی (١,٥٠٪) وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە.

سەرەڕای پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو هاوکاری و تەباییەی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە لە نێوان کورد و تورکماندا هەیە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە ڕێژەیەکی بەرزتر ئەگەرچی بە جیاوازیەکی زۆر کەمیش بێت کە (٣,٥٠٪) بڕوایان بە پیشتوانی کردنی کورد نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی چەوساندنەوە نەتەوەییەکان و دڕندانەیەتی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی شارەکە کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە، پێشینەیەکی هزری لای خەڵکەکە دروستکردووە کە کوردیش لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیدا هەمان سیاسەتی ڕەگەزپەرستی پیادە دەکات و فەراهەم کردنی مافی نەتەوەیی بۆ تورکمان بە هەڕەشە دەزانێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی. پێیانوایە سیستەمێکی

پێکــەوە ژیــان نییــە کــە هــەردوولا مافــەکانیان دەستەبەر کرابێت.

### ١٧- تورکمان و پشتیوانیکردنی کورد بۆ گێڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان:

لە خشتەی ژمارە (٢٦) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێــژەی (٥٩٪)ی ئەنــدامانی نموونەکــە دەڵــێن پێمانوایــە، تورکمــان پــشتی کــورد ناگرێــت بــۆ گێڕانەوەی کەرکوك بـۆ سـەر هـەرێمی کوردسـتان، ئەمــەش پێــچەوانەی تــەواوی ئــەو پێــوەرە کۆمەڵایەتیانەیــە کــە ئاماژەیــان بــە تێکــەڵاوی و هاوکاری و تەبایی نێوان کورد و تورکمان دەکرد لە خشتەکانی ژمـارە (١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢) کـە هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا نییە.

ئەی ئەو هۆکارانە چین ئێمـە ڕووبـەڕووی ئـەم ڕێژەیە دەکەنەوە کە لەگەڵ هاوکـاری و پیـشتیوانی تورکماندا نین بۆ گێڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردسـتان، سـەرەڕای لەبەردەسـتدابوونی دەیـان بەڵگـەی مێـژوویی سـەردەمی عوسمـانی و دەیـان پارچـە هـۆنراوەی شـاعیرە تورکمانـەکانی ئـەو سەردەمە بەسەر کەرکوك و شارەزووردا(****).

دەبـێ بپرسـین ئایـا تورکمـان بڕوایـان بـە دیموکراسی و فیدراڵی نییە؟

### ١٨- بڕوابوون بە فیدراڵی و دیموکراسی:

ئــەوەتا لــە خــشتەی ژمــارە (٢٧)، بۆمــان دەردەکــەوێت لــە کــۆی ئــەو (٥٩٪)یــە، ڕێــژەی (٦٨,٦٤٪)یان دەڵێن نەخێر لەبەر ئـەوە نییـە کـە تورکمان بڕوای بە دیموکراسی و فیدراڵی نییە بەڵکو هۆیەکی تری هەیە. بەڵام ڕێژەی (٣١,٣٦٪) دەڵێن لەبەر ئەوەیە، کە ئەمەش لەگەڵ زانیارییەکانی تـر لەمەڕ تورکمان ناگونجێت.

### ١٩- فیدراڵی دەبێتە هۆی پارچە پارچەبوونی عێراق:

لە خشتەی ژمارە (٢٨) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٦٤,٤١٪) پێیانوایـە سیـستەمی فیـدراڵی دەبێتــە هــۆی پارچــە پارچــەبوونی عێــراق و دابەشبوونی، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کـە بڕوایـان بـە دیموکراتی و فیدراڵی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نـین کە تورکمان پشتیوانی کورد بکـات بـۆ گێڕانـەوەی کەرکوك بۆ سـەر هـەرێمی کوردسـتان لەبەرامبـەر ئەمانەشدا ڕێـژەی (٣٥,٣٩٪)ی ئەوانـەی بڕوایـان بەو پیشتیوانییە نییە لەگەڵ ئەوەدا نین کە فـدراڵی دەبێتە هۆی پارچە پارچەبوونی عێراق.

### ٢٠- فیدراڵی هەڕەشەیەکە بۆ سەر تورکیا

لە خشتەی ژمارە (٢٩) بۆمان دەردەکەوێت لەکۆی ئەوانەی بڕوایان بە پیشتیوانی تورکمان نییە بە کورد ڕێژەی (٦١,٠٢٪) پێیانوایە فیدراڵی هەڕەشەیەکە بۆسەر تورکیا واتە پشتیوان نەکردن لە فیدراڵی گێڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان لە ڕوانەگەی بەرژەوەندییەکانی تورکیاوە سەرچاوەی گرتووە کەچی بە ڕێژەی (٣٨,٩٨٪) لەگەڵ ئەوەشدا فیدراڵی بە هەڕەشە نازانن لەسەر تورکیا بەڵام لەگەڵ پشتیوانیشدا نین بۆ گەلی کورد.

### ٢١- کوردستانیبوونی شاری کەرکوك:

لە خشتەی ژمارە (٣٠) بۆمان دەردەکەوێت لە کۆی ڕێژەی (٥٩٪)ی نموونەکە، کە لەگەڵ پشتیوانیدا نین بۆ گێڕانەوەی کەرکوك، ڕێژەی (٩٣,٢٢٪) پێیانوایە کەرکوك شارێکی کوردستانی نییە ئیتر چۆن پیشتیوانی کورد بکەین بۆ گێڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئەم خشتەیە بە خشتەکانی (٢، ٣) بەراورد بکەین کە تەمەن و ئاستی خوێندەواری ئەندامانی نموونەکە پیشاندەدەن، بۆمان روون دەبێتەوە کە هەوڵەکانی رژێمی پێشوو بۆ چەواشەکردنی راستیە مێژووییەکان و هێشتنەوەی دانیشتوانی شارەکە بە نەخوێندەواری کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر ئەم جۆرە تێڕوانینانە هەیە، تەنیا ڕێژەی (٦,٧٨٪)ی ئەوانەی لەگەڵ پشتیوانی تورکماندا نین بۆ کورد، کەرکوك بە شارێکی کوردستانی دەزانن.

### ٢٢- توانای کورد بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێم:

لە خشتەی ژمارە (٣١)دا بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی (٦٢,٥٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە پێیانوایە کورد دەتوانێت ئەم ئامانجەی بێنێتەدی و کەرکوك بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی (٥٩٪) نموونەکە بڕوایان بە پشتیوانی تورکمان نەبوو لەم کێشەیە.

ئەم دوو بۆچوونە دژە یەکترن، ئەگەر بڕوایان بەوەیە کە کورد سەرکەوتووە لەم هاوکێشەیەدا ئەی بۆچی پشتیوانی لێ ناکات؟ ئەگەر ئەم خشتەیە بەراورد بکەین بە خشتەی ژمارە (٢٣) دەبینین ڕێژەی (٥١٪)ی ئەندامانی نموونەکە پێیانوایە کورد پشتیوانی تورکمان ناکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ئیتر چۆن تورکمان پشتیوانی نەتەوەیەك بکات کە دڵنیا نەبێت دواتر یارمەتی دەدات یان وا تێبگات کە کورد پێویستی بەو نییە و کاری خۆی بڕیوەتەوە. ئەمەش لە ئەنجامی تێکەڵاونەبوونی بەرپرسەکانی کوردەوە هاتووە لەگەڵ جەماوەری تورکمان، بۆیە هەست بە بۆشاییەك دەکەن کە کورد هێز و دەسەڵات و ئیدارەی هەیە و چەندین وڵاتی دەرەوەی لە پشتە و گێڕانەوەی کەرکوك مسۆگەر کردووە ئیتر بۆچی لەلای عەرەبە نەتەوەییەکان خۆیان ناشیرین بکەن و ئەو هێڵە لەدەست بدەن ئەگەر کورد لەم ململانێیەدا سەرکەوتوو نەبوو، تەنیا ڕێژەی (٢٥,٥٠٪) پێیانوایە کورد ناتوانێ کەرکوك بگەڕێنێتەوە بۆسەر هەرێمی کوردستان، وە ڕێژەی (٧٪) دوو دڵن و دڵنیا نین.

### ٢٣- گەڕاندنەوەی ئاوارەکان:

لە خشتەی ژمارە (٣٢)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٨٩,٥٠٪) لەگەڵ گەڕانەوەی ئاوارەکانی کورد و تورکمانن بۆ شاری کەرکوك، واتە هیچ کێشەیەك لەمەدا نابینن، ئەمەش بیرکردنەوە و تێڕوانینی هیومانستی تورکمان دەردەخات سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژەی (٥١٪) ئەندامانی نموونەکە پێیانوایە کورد پیشتیوانی ناکات و ڕێژەی (٥٩٪)ش لەگەڵ پشتیوانی تورکماندا نین بۆ کورد

لــە گێڕانــەوەی کەرکوکــدا بــۆ ســەر هــەرێمی کوردستان، بەڵام لەگــەڵ گەڕانــەوەی ئاوارەکــان بــۆ سەر زێدی باو باپیران تەنیا ڕێــژەی (٩,٥٠٪) دژی گەڕانــەوەی ئاوارەکــانن و (١٪)یــش وەڵامیــان نەداوەتەوە.

**٢٤- گەڕاندنەوەی عەرەبی تەعریب:**

لە خشتەی ژمارە (٣٣) بۆمــان دەردەکــەوێت کــە ڕێژەی (٧٨٪) نموونەکە لەگەڵ گەڕانەوەی عەرەبــەکانی تەعریبن بۆ شوێنی راستەقینەی بــاو باپیریــان.. ئەگــەر ئەم خشتەیە بە خشتەی ژمارە (٢٥ د) بەراورد بکەین، دەبینین ڕێژەی (٥١٪) ئەندامانی نموونەکە، کەرکوك بە شارێکی کوردســتانی نــازانن، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا دەیانەوێت عەرەبەکانی تەعریب کــەرکوك بــەجێ بــێڵن واتە پێش ئەوەی قسە لەسەر کوردستانیبوونی کەرکوك بکرێت گێڕانەوەی عەرەبــەکانی تــەعریب خواســتێکی تورکمانەکانی کەرکوکە، کە تەنیا ڕێــژەی (٢٠,٥٠٪) لەگەڵ گەڕانەوەیاندا نین و ڕێژەی (١٪)یش رەئی خۆیان دەرنــەبڕیوە، سیاســەتی پاکتــاوکردن و گــۆڕینی بــاری دیموگرافی لە هەر ناوچەیەکدا پێــشوەخت کــارێکی دژە مرۆڤایەتییە و لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤدا یەك ناگرنەوە بۆیە بە نەتەوەیەکی شارنشینی وەکو تورکمان قەبوڵ ناکرێت.

**٢٥- دروستکردنی کێشە بۆ تورکمان لە دوای نیسانی ساڵی ٢٠٠٣:**

لە خشتەی ژمارە (٣٤) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٦٣,٥٠٪)ی نموونەکە دەڵێن کورد لە کەرکوکدا هیچ کێشەیەکی بۆمان دروست نەکردووە، ئەگەر ئەم خشتەیەش بە خشتەی ژمارە (١٠) بەراورد بکەین دەبینین کە ڕێژەی (٩٨٪) ئەندامانی نموونەکە دەڵێن لەگەڵ خێزانە کوردەکاندا لەیەك گەرەك دەژین، کەواتە سەرەڕای پێکەوە ژیان، هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام ڕێژەی (٣٤,٥٠٪) دەڵێن کورد کێشەی بۆمان دروستکردووە لە کەرکوك. بێگومان هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی چەندین گرفت لەگەڵ خۆیدا دێنێت و هەندێك لەم گرفتانەش پەیوەستن بە کرۆك و ناوەڕۆکی گۆڕانەکەوە نەك بەخودی کەسەکانەوە، بەتایبەت گۆڕانی دەسەڵاتێکی دکتاتۆری کە (٣٥) ساڵ سیاسەتی دەرکردن و ئاوارەکردن لە شارێکدا پیادە بکات، بە گەڕانەوەی بەشێکی زۆر کەمی ئەوانە بۆ شارەکە قەیرانی ئاو و کارەبا و قوتابخانە و دەرمان و خزمەتگوزارییەکانی تر دروست دەکەن بەتایبەت لە سەرەتای گۆڕانەکاندا، کە هێشتا دامودەزگاکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردن جێگەی خۆیان نەگرتبێ، بۆیە ئەگەر ڕێژەی (٢٪)ی نموونەکە کە وەڵامی پرسیارەکانیان نەداوەتەوە بخەینە سەر ئەوانەی دەڵێن کێشەمان بۆ درووست بووە، هەست کردن بە کێشەکان ئاساییە، بەڵام تێگەیشتن لەوەی کە سەرچاوەی کێشەکان کورد نییە بەڵکو سروشتی قۆناغەکە و رەوشی ژیانی تایبەتی کەرکوکە.

**٢٦- باری ئابووری دوای ڕووداوەکانی ٢٠٠٣:**

لە خشتەی ژمارە (٣٥)دا بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی (٧٣٪)ی ئەندامانی نموونەکە پێیانوایە باری ئابووریان چاکتر بووە لە دوای پرۆسەی ئازادی لە ٢٠٠٣. ئەگەر ئەم خشتەیەش بەراورد بکەین بە خشتەی ژمارە (٨) کە ڕێژەی (٥٢٪) فەرمانبەر و خانەنشینن زیاتر ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەم دوو توێژە لە دوای پرۆسەکانی ئازادییەوە سودمەند بوون و مووچەکانیان جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ پێش پرۆسەی ئازادی، کەچی (١٣٪) پێیانواییە لە رووی ئابوورییەوە رەوشی ژیانیان خراپتر بووە و ڕێژەی (١١,٥٠٪)ش پێیانوایە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە لەهەمان خشتەی ژمارە (٨)دا ڕێژەی (٣٣,٠٠٪) کاسبن کاری ئازاد دەکەن، باری نائارامی شاری کەرکوك بەتایبەتی لەماوەی دوای پرۆسەکەوە بەهۆی ناسەقامگیری و گۆڕانەکانەوە جۆرە ڕاوەستانێکی دروست کردبوو لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئاوەدان کردنەوە و خزمەتگوزارییەکاندا بۆیە بێکاری لەلایەك و بەرزبونەوەی نرخی بازاڕ لەلایەکی تر ئەو بۆچوونەی هەندێك بەو ڕێژەیە دروستکرد کە باری ئابووری خەڵکی بەرەو خراپتر چووە، یان سەرەڕای زیادبوونی مووچە و کرێی کاری کرێگرتەیی بە بەراورد لەگەڵ بەرزبونەوەی بازاڕ هەندێك بڵێن هیچ گۆڕانێك رووی نەداوە، لە رووی ئابوورییەوە.

**٢٧- باری ئاسایش لە دوای ڕووداوەکانی ٢٠٠٣:**

لە خشتەی ژمارە (٣٦) بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی (٤٨,٥٠٪) نموونەکە لەو بڕوایەدان باری ئاسایشیان خراپتر بووە لە دوای پرۆسەکانی ئازادییەوە، ئەمە تەواو باری نائارامی شاری کەرکوك و تەقینەوەکانی قۆناغی توێژینەوەکە دەردەخات، لە خشتەی ژمارە (٩) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٨٥,٥٠٪)ی تورکمان پێشینەی لادێییان نییە و زیاتر لە شاردا دەژین، بە ژیانی فرە بارەگای حیزبی و چەکداری و تەقینەوە و ئازادی و کرانەوەیەکی کتوپڕ ڕانەهاتوون بە لاوازی دەسەڵات دەزانن و هەست بە ترس و دڵەڕاوکێیەك دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی (٣٥٪) پێیانوایە لە رووی ئەمنیشەوە ژیانیان بەرە و باشتر چووە، کەچی ڕێژەی (١١,٥٠٪) پێیانوایە هەمان ترس و دڵەڕاوکێی پێشویان ماوە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. چونکە پێشتر لە دەسەڵاتی بەعس دەترسان، ئێستاش لە دەسەڵات دەترسن، تێکەڵاوی تیرۆریستانیان بکات و بەهۆی کارێکی تیرۆرستییەوە گرفتیان بۆ دروست بێت.

**٢٨- کێشە لەگەڵ پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا:**

لە خشتەی ژمارە (٣٧)دا بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی (٧٧,٥٠٪) دەڵێن هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگادا نییە، بەو پێیەی کە ئەمڕۆ پارێزگار و زۆرینەی ئەنجومەن کوردن و

لەلایەکی تریشەوە ئەم خشتەیە بەراورد بکەین بە خشتەی ژمارە (٢٩) بۆمان ڕووندەبێتەوە پێکەوە ژیانی ئەم دوو نەتەوەیە لە رووی کۆمەڵایەتی و کارگێری و بەڕێوەبردنیشەوە هیچ کێشەیەکیان نییە، بەڵام کاتێك باس لە مەسەلە سیاسییەکان و سنووری هەرێم و کوردستانیەتی کەرکوك دەکرێت، یەکسەر هاوسەنگی پەیوەندییەکان دەگۆڕێن. بێگومان ئەمەش لە ئەنجامی مێژوویەکی پڕ کارەسات و چەوساندنەوە هاتووە، ئازادی ڕادەربڕین و ژیانی دیموکراسی نەبووە، هەرگیز خەڵکی ئێراق بە خواست و ویستی خۆی چارەنووسی دیاری نەکردووە، ئێستاش لە گەڕانەوەی هەمان ستەم و زۆرداری دەترسن کە بەلایەوە سیاسەت چەند ترسناك بوو، چۆن قەدەغەی کردبوو، تەنیا ڕێژەی (١٥٪) دەڵێن کێشەمان هەیە و (٦٪)یش دەڵێن جاروبار کێشەمان دەبێت، ئەم ڕێژانەش بۆ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە شارێکی بێخزمەتگوزاری وەکو کەرکوك ئاساییە، هەرچەندە چاوەڕوانی ڕێژەیەکی زۆرتر دەکرا بڵێن کێشەمان هەیە.

## تەوەرەی سێیەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان

### ئەنجامەکانی توێژینەوە:

لە میانی ئەو توێژینەوە مەیدانییەدا توێژەر بەچەند دەرئەنجامێك گەیشتووە بۆ سەلماندنی ڕاستی گریمانەکانی توێژینەوەکە یان پوچەڵکردنەوەیان، بێجگە لە گریمانەکانیش لە ڕێگای هەندێك پرسیاری لاوەکی ترەوە کە بۆ یارمەتی سەلماندنی گریمانەکان دانرابوون، بۆخۆیان دەرئەنجامی گرنگیان لێکەوتەوە، لێرەدا لەگەڵ گفتوگۆی گریمانەکان دەیانخەینەڕوو:

١- لە گریمانەی یەکەمدا ((کورد و تورکمان لەڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتیەوە هیچ کێشەیەکیان نییە لەگەڵ یەکتردا)) هەروەکو لە نموونەی توێژینەوەکەدا بەدەرکەوت (٩٨٪)ی نموونەکە لەگەڵ کوردا لەیەك گەڕەك دەژین و (٧٧٪)یش دراوسێی کوردیان هەیە و (٦٧٪)یش سەردانی خێزانی لە نێوانیاندا هەیە و لە (٧٢٪)ش ئەم پەیوەندیانە بە پێویست دەزانن و لە (٨٥٪)ش پێیانوایە لە گەڕەکەکانیاندا هاوکاری تەبایی لە نێوانیاندا هەیە بێجگە لە دراوسێیەتیش لە (٧٢,٥٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە لەسەر کار و پیشەکانیان لەگەڵ کورد پێکەوە کار دەکەن و بێجگە لە کار و دراوسێیەتیش لە (٨٤٪)ی ئەندامانی نموونەکە هاوڕێی کوردیان هەیە لە دەرەوەی کار و هاوسێیەتیدا، لە (٩١٪)یش ڕێگە بە منداڵەکانیان دەدەن هاوڕێیەتی منالانی کورد لە قوتابخانە پێکەوە بخوێنن. بێجگە لە هەموو ئەمانەش (٩٤٪)ی ئەندامانی نموونەکە بەشداریان

له خۆشی و ناخۆشیدا کردووه لەگەڵ کورد (لە ئاهەنگی بوك گواستنەوه یان پرسە و مردوو ناشتندا).

وەکو پێوانەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، هەموو ئەم پێوەرانەی سەرەوە ئاماژەی زۆر گرنگن بۆ یەکتر قبوڵکردن و نەبوونی هیچ گرفت و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییەکانی نێوان دوو گروپدا، بەڵگەی نەبوونی دەمارگیری نەتەوەیی و توندڕەوی و جیاکردنەوە و دابڕان و گۆشەگیری لای کورد و تورکمانە بە بەراورد لەگەڵ شار و ناوچەکانی تری جیهاندا کە زیاتر لە نەتەوە و ڕەگەز و ئایین و مەزەبێکی تێدا بێت.

٢- نموونەکەمان بە ڕێژەی (٦٦٪)ی پەیوەندی ژن و ژنخوازی و هاوسەرگیریان لەگەڵ خێزان و بنەماڵە کوردەکان هەیە، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندی هاوسەرگیری (سەرەڕای هەموو ئەو پەیوەندیانەی لەخاڵی یەکەمدا باسکران) بە پلەیەکی باڵای تێکەڵاوی و یەکتر قبوڵکردن دێت. ئەمەش بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت بۆ هاوکلتووری و نزیکبوونەوەی وردە کولتوورەکان و توانەوەیان لە بۆتەی کولتووری کۆمەڵگاکەدا. واتە گریمانەی توێژینەوەکە کە دەڵێت (زۆرینەی خێزانە کورد و تورکمانەکان لە کەرکوك پەیوەندی ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا هەیە) ڕاستە و بەشێکی ئەوانەش کە لەم قۆناغەدا ئەم پەیوەندیەیان نییە لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا جەختیان لەسەر بوونی ئەم پەیوەندییە دەکردەوە کە لە نێوان باو باپیرانیاندا هەبووە یان بە ڕێژەی لە (٨٥,٥٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە پەیوەندی هاوسەرگیری نێوان کورد و تورکمان بە کارێکی ئاسایی دەزانن لە (٧٥,٥٠٪)ش ڕێگا دەدەن کوڕەکانیان کچی کورد بخوازن لە بەرامبەر (٦٧,٥٠٪) ڕێگا دەدەن کچەکانیان مێرد بە کوڕی کورد بکەین. لە بەراووردکردنی ئەو ڕێژانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی پێشبینی نزمبوونەوەی پەیوەندی هاوسەرگیری نێوان کورد و تورکمان بکەین لە ئایندەدا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو ئەگەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تر نەخرێنە سەر هێڵی ئاسایی پێشوویان.

٣- لەبارەی گەڕانەوەی ئاوارەکانیشەوە نموونەکەمان بەڕێژەی (٨٩,٥٠٪) لەگەڵ گەڕانەوەی ئاوارەکاندان بۆ کەرکوك. کە ئەمەش بڕگەیەکی گرنگی مادەی (٥٨ ی قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق و ئێستا ماددەی ١٤٠ ی دەستوور جێگەی گرتۆتەوە)، واتە ڕێژەیەکی بەرزی تورکمانەکان لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەم مادەیەدان، بەتایبەت لەڕووی گەڕانەوەی ئاوارەکانەوە.

٤- تورکمان بەڕێژەی (٧٨٪) لەگەڵ ناردنەوەی عەرەبی تەعریبدان بۆ شارەکانی خۆیان لە ناوەراست و باشووری عێراق و بە هۆکارێکی تێکدانی سیمای شاری کەرکوکیان دەزانن.

٥- لەڕووی ئەمن و ئاسایشی شارەکەوە ڕێژەی (٤٨,٥٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە پێیانوایە باری ئەمنیان خراپتربووە بە بەراوورد لەگەڵ سەردەمی بەعس و ڕێژەی لە (١١,٥٠٪)ش دەڵێن نەگۆڕاوە و ئێستاش هەمان ترس و دڵە ڕاوکێی پێشومان هەیە، واتە لە (٦٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە نارازین

لە چۆنیەتی پاراستنی ئەمن و شاسایشیان، ئەمەش ڕاستی گریمانەی پێنجەمی توێژینەوەکە دەسەلمێنێ.

٦- نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (٥٩٪) پشتیوانی لە گێڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر حکومەتی فیدراڵی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ناکەن، لەم ڕێژەیەش بە ڕێژەی (٩٣,٢٢٪) دەڵێن کەرکوك شارێکی کوردستانی نییە، بە ڕێژەی (٦٤,٤٨٪) پێیانوایە فیدراڵی دەبێتە هۆی پارچە پارچەبوونی عێراق و بەڕێژەی (٣٨,٩٨٪)یش دەڵێت فیدراڵی هەڕەشە بۆ سەر تورکمان دروست دەکات و بە ڕێژەی (٣١,٣٦٪)یش بڕوایان بە فیدراڵی و دیموکراسی نییە، بۆیە گریمانەی توێژینەوەکە ((تورکمان پشتگیری کورد دەکات بۆ گێڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان)) ڕاست نییە و تەنیا لە (٣٩٪) پشتیوانی لەم داوایەی کورد دەکەن، سەرەڕای ئەوەی (٦٢,٥٠٪)ی ئەندامانی نموونەکە لەو بڕوایەدان کورد دەتوانێ ئەم داواکارییەی جێبەجێ بکات.

٧- لەڕووی ئابوورییەوە گریمانەی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی کە ((تورکمانەکان لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە وا هەست دەکەن، ژیانیان لەڕووی ئابووری باشتر بووە)). ئەندامانی نموونەکە بە ڕێژەی (٧٣٪) ژیانیان باشتر بووە، ئەمەش ڕاستی گریمانەکە دەسەلمێنێ.

## ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

وەك دەرئەنجامی کۆتایی توێژینەوەکە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بنەما کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان کورد و تورکمان زۆر بەهێزن بۆ دروستکردنی ئایندەیەکی هاوبەش و پێکەوە ژیان، هەروەها ڕێژەیەکی بەرزی تورکمان بڕوایان بە دیموکراسی و فیدراڵی هەیە و لەلایەکی تریشەوە لەڕووی ئابوورییەوە هەست دەکەن ژیانیان بەرەو باشتر چووە و لەو بڕوایەشدان کورد لە گێڕانەوەی کەرکوکدا بۆ سەر هەرێمی کوردستانی فیدراڵی سەرکەوتووە، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەی بۆچی پشتیوانی لەم داوا ڕەوایەی کورد ناکەن؟! بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا چەند پێشنیارێك دەخەینەڕوو:

١- زیاتر تێکەڵاوبوونی بەرپرسە کوردەکانی کەرکوك بە هەموو چین و توێژەکانی جەماوەر و گوێگرتن لە خواست و داواکارییەکانیان و کارکردن بۆ هێنانەوەی ئەو خواستانە بێگوێدانە جیاوازی نەتەوەیی.

٢- دروستکردنی پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ خەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەیی و دیموکراتی و جەماوەرییەکانی کەرکوك و سەردانیکردنی بارەگامانیان و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەندامە ئەکتیڤ و ڕۆشنبیر و دڵسۆزەکانیان بۆ

ڕوونکردنەوەی ڕاستیە مێژووییەکان و یارمەتیدانی یەکتری لەسەر خزمەتکردنی شارەکە.

٣- پەلەنەکردن لە گێڕانەوەی هەندێك سیماو تایبەتمەندی کوردانە بۆ ناو شاری کەرکوك و ئارامی و دان بەخۆداگرتن بەرامبەر کەسانی توندڕەوی تورکمان و ئەوانەی دەستی دەرەکیان لە پشتە بۆ چەواشەکردنی ڕاستییەکان و داشکاندنی کێشەی کەرکوك بە قازانجی لایەنێکی ترز

٤- تورکمان مەترسی نییە بۆ سەر ئایندەی کەرکوك ئەگەر کورد ژیرانە مامەڵە لەگەڵ پێشهات و ڕووداوەکاندا بکات و ئاستی ململانێیکەی دانەبەزێنێت.

٥- هەوڵبدرێت بڕوا و متمانە بگەڕێتەوە لای تورکمانەکان کە خەباتی ئەوانیش کاریگەری هەبووە لەسەر دروستکردنی ئەم ئازادی و دیموکراسیە، هەروەکو چۆن لە رابردوودا کورد بەتەنیا نەبووە پێویستە لە ئایندەشدا هاو خەبات و هاوسەنگەر بێت.

خشتەی ژمارە (١)

ڕەگەزی نموونەکە دیاری دەکات

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ١٥٠ | ٧٥,٠٠٪ |
| مێ | ٤٨ | ٢٤,٠٠٪ |
| بێ وەڵام | ٢ | ١,٠٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٢)

تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە دیاری دەکات

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٨ – ٢٧ | ٧ | ٣,٥٠٪ |
| ٢٨ – ٣٧ | ٢٠ | ١٠,٠٠٪ |
| ٣٨ – ٤٧ | ٥١ | ٢٥,٥٠٪ |
| ٤٨ – ٥٧ | ٤٨ | ٢٤,٠٠٪ |
| ٥٨ – ٦٧ | ٤١ | ٢٠,٥٠٪ |
| ٦٨ – ٧٧ | ١٤ | ٧,٠٠٪ |
| ٧٨ – | ١٤ | ٧,٠٠٪ |
| بێ وەڵام | ٥ | ٢,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٣)

ئاستی خوێندەواری نموونەکە دیاری دەکات

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ١٦ | ٨,٠٠٪ |
| سەرەتایی | ٤٥ | ٢٢,٥٠٪ |
| ناوەندی | ٤٣ | ٢١,٥٠٪ |
| ئامادەیی | ٣٥ | ١٧,٥٠٪ |
| پەیمانگا | ٣٠ | ١٥,٠٠٪ |
| زانکۆ | ٣٠ | ١٥,٠٠٪ |
| بێ وەڵام | ١ | ٠,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٤)

شوێنی لە دایك بوونی نموونەکە پیشان دەدات

| شوێنی لە دایك بوون | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ناوەندی شار | ١٧١ | ٨٥,٥٠٪ |
| ناوچە و شارۆچکە | ٢٥ | ١٢,٥٠٪ |
| دەرەوەی شار | ٣ | ١,٥٠٪ |
| بێ وەڵام | ١ | ٠,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٥)

ژمارەی ئەندامانی خێزانی نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| ژمارەی ئەندامانی خێزان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١-٢ | ٣٥ | ١٧,٥٠٪ |
| ٣-٤ | ١١٤ | ٥٧,٠٠٪ |
| ٥-٦ | ٤٢ | ٢١,٠٠٪ |
| ٧-٨ | ٥ | ٢,٥٠٪ |
| ٩-١٠ | ٢ | ١,٠٠٪ |
| ١١-١٢ | ٢ | ١,٠٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٦)

پیشەی سەرۆکی خێزان ڕووندەکاتەوە

| پیشەی سەرۆکی خێزان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| فەرمانبەر | ٨١ | ٤٠,٥٠٪ |
| کاسب | ٦٦ | ٣٣,٠٠٪ |
| شوفێر | ٦ | ٣,٠٠٪ |
| خانەنشین | ٢٣ | ١١,٥٠٪ |
| ئافرەتیماڵەوە | ٥ | ٢,٥٠٪ |
| پیشەی دیکە | ٩ | ٤,٥٠٪ |
| بێ وەڵام | ١٠ | ٥,٠٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٧)

خاوەندارێتی خانووی نموونەکە رووندەکاتەوە

| خاوەندارێتی خانوو | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خانووی خۆمە | ١٣٨ | ٦٩٪ |
| کرێ چیم | ٥٢ | ٢٦٪ |
| خانووی حکومی | ٧ | ٣,٥٠٪ |
| هی خزمە یا هی خەڵکی ترە | ٣ | ١,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٨)

دوای پێکهێنانی خێزان سەربەخۆی یا لەگەڵ دایك و باوکت دەژیت

| ژیانم لەگەڵ | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەربەخۆ | ١٣٣ | ٦٦,٥٠٪ |
| لەگەڵ دایك و باوك | ٦٤ | ٣٢,٠٠٪ |
| بێ وەلام | ٣ | ١,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

**خشتەی ژمارە (٩)**

**پێشینەی خێزانی ئەندامانی نموونەکە ڕووندەکاتەوە**

| پێشینەی خێزانی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لادێی | ١٨ | ٩,٠٠٪ |
| شارنشینی | ١٧١ | ٨٥,٥٠٪ |
| بێ وەڵام | ١١ | ٥,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**بوونی خێزانی کورد لە گەڕەکی نموونەی توێژینەوەکەدا دیاری دەکات**

| ئایا خێزانی کورد لە گەڕەکەکانتاندا هەیە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٩٦ | ٩٨,٠٠٪ |
| نەخێر | ٤ | ٢,٠٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (١١)

هەبوونی هاوسێیەتی کورد و تورکماننشین رووندەکاتەوە

| ئایا هاوسێی کورد تان هەیە؟ | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەلێ | ١٥٤ | ٧٧,٠٠٪ |
| نەخێر | ٣١ | ١٥,٥٠٪ |
| بێ وەلام | ١٥ | ٧,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (١٢)

سەردانی کردنی نێوان کورد و تورکمان رووندەکاتەوە

| ئایا سەردانی یەکتری دەکەن؟ | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەلێ | ١٣٥ | ٦٧,٥٠٪ |
| نەخێر | ٢٧ | ١٣,٥٠٪ |
| بێ وەلام | ٣٨ | ١٩,٠٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (١٣)

بوونی پەیوەندی خێزانی تورکمانی لەگەڵ خێزانە کوردییەکان ڕووندەکاتەوە

| ئایا پێویستە پەیوەندیتان بە خێزانە کوردییەکانەوە هەبێت؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٤٤ | ٧٢,٠٠٪ |
| نەخێر | ٢٤ | ١٢,٠٠٪ |
| بێ وەڵام | ٣٢ | ١٦,٠٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە(١٤)

هاریکاریی و تەبایی لە نێوان دانیشتوانی گەڕەکەکە ڕووندەکاتەوە

| ئایا هاوکاری و تەبایی لە نێوان دانیشتوانی گەڕەکەکەتاندا هەیە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بی وەڵام | ٤ | ٢,٠٠٪ |
| بەڵێ | ١٧٠ | ٨٥,٠٠٪ |
| نەخێر | ٢٦ | ١٣,٠٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە(١٥)

هاوڕێیەتی نێوان کورد و تورکمان لەکاتی کارکردندا ڕووندەکاتەوە

| لە کارەکەتدا هاوڕێی کوردت هەیە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٤٥ | ٧٢,٥٠٪ |
| نەخێر | ٤٩ | ٢٤,٥٠٪ |
| بێ وەڵام | ٦ | ٣,٠٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (١٦)

پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوان کورد و تورکمان لە دەرەوەی کارکردندا ڕووندەکاتەوە

| لە دەرەوەی کارکردن هاوڕێیەتی کورد دەکەیت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٦٨ | ٨٤,٠٠٪ |
| نەخێر | ٢٩ | ١٤,٥٠٪ |
| بێ وەڵام | ٣ | ١,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (١٧)

ڕێپێدانی هاورێیەتی کردنی منداڵانی کورد رووندەکاتەوە

| ڕێگا بە منداڵەکانت دەدەی هاورێیەتی منداڵانی کورد بکەن؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٨٣ | ٩١,٥٠٪ |
| نەخێر | ١٠ | ٥,٠٠٪ |
| بێ وەڵام | ٧ | ٣,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (١٨)

ڕێپێدانی یاری کردن لەگەڵ منداڵانی کوردی رووندەکاتەوە

| ڕێگا بە منداڵەکانت دەدەی یاری لەگەڵ منداڵانی کورد بکەن؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٨١ | ٩٠,٥٠٪ |
| نەخێر | ١٣ | ٦,٥٠٪ |
| بێ وەڵام | ٦ | ٣,٠٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

### خشتەی ژمارە (١٩)

ڕێپێدانی خوێندن لەگەڵ منداڵانی کورد و ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە ڕووندەکاتەوە

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێگا بە منداڵەکانت دەدەی لەگەڵ منداڵانی کوردی بخوێنن و پێکەوە بۆ قوتابخانە بڕۆن؟ |
|---|---|---|
| ٪٩٠,٥٠ | ١٨١ | بەڵێ |
| ٪٦,٠٠ | ١٢ | نەخێر |
| ٪٣,٥٠ | ٧ | بێ وەڵام |
| ٪١٠٠,٠٠ | ٢٠٠ | کۆی گشتی |

### خشتەی ژمارە (٢٠)

بەشداری کردن لە بۆنە و یادەکانی کوردی ڕووندەکاتەوە

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | ئایا بەشداریت لە بۆنە و یادەکانی کوردی کردووە؟ |
|---|---|---|
| ٪٩٤,٠٠ | ١٨٨ | بەڵێ |
| ٪٦,٠٠ | ١٢ | نەخێر |
| ٪١٠٠,٠٠ | ٢٠٠ | کۆی گشتی |

خشتەی ژمارە (٢١)

پەیوەندی ژن و ژنخوازی لە نێوان کورد و تورکمان رووندەکاتەوە

| ئایا ژن و ژنخوازی لە نێوانتاندا هەیە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٣٢ | ٦٦,٠٠٪ |
| نەخێر | ٦٥ | ٣٢,٥٠٪ |
| بێ وەڵام | ٣ | ١,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٢٢)

بە ئاسایی زانینی هاوسەرگیری لە نێوان کورد و تورکمان رووندەکاتەوە

| ئایا هاوسەرگیری لە نێوان کورد و تورکمان بە ئاسایی دەزانی؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٧١ | ٨٥,٥٠٪ |
| نەخێر | ٢٦ | ١٣,٠٠٪ |
| بێ وەڵام | ٣ | ١,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

**خشتەی ژمارە (٢٣)**

ڕێگە پێدانی کوڕانی تورکمانی کە کچانی کوردی بخوازن ڕوووندەکاتەوە

| ڕێگا بە کوڕەکانتان دەدەن کچانی کورد بخوازن؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٤١ | ٧٠,٥٠٪ |
| نەخێر | ٥٣ | ٢٦,٥٠٪ |
| بێ وەڵام | ٦ | ٣,٠٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

**خشتەی ژمارە (٢٤)**

ڕێگە پێدانی کچانی تورکمانی کە مێرد بە کوڕانی کورد بکەن، ڕووندەکاتەوە

| ئایا ڕێگە دەدەن کچەکانتان مێرد بە کوڕی کورد بکەن؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٣٥ | ٦٧,٥٠٪ |
| نەخێر | ٥٨ | ٢٩,٠٠٪ |
| بێ وەڵام | ٧ | ٣,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٢٥)

پشتیوانیکردنی کورد بۆ ئامانجەکانی

تورکمانی رووندەکاتەوە

| پێتوایە کورد پشتیوانی تورکمان دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی؟ | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٩٥ | ٪٤٧,٥٠ |
| نەخێر | ١٠٢ | ٪٥١,٠٠ |
| بێ وەڵام | ٣ | ٪١,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٦)

پیشتیوانی کردنی تورکمان بۆ گێڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان رووندەکاتەوە

| گێڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧٨ | ٪٣٩,٠٠ |
| نەخێر | ١١٨ | ٪٥٩,٠٠ |
| بێ وەڵام | ٤ | ٪٢,٠٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٧)

بڕوابوونی تورکمانی بە فیدراڵی و دیموکراسی رووندەکاتەوە

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | بڕوات بە فیدراڵی و دیموکراسی هەیە |
| --- | --- | --- |
| ٣١,٣٦٪ | ٣٧ | بەڵێ |
| ٦٨,٦٤٪ | ٨١ | نەخێر |
| ١٠٠,٠٠٪ | ١١٨ | کۆی گشتی |

خشتەی ژمارە (٢٨)

بیروڕای تورکمان سەبارەت بە فیدراڵی رووندەکاتەوە

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | فیدراڵی دەبێتە هۆی پارچە پارچەبوونی عێراق |
| --- | --- | --- |
| ٦٤,٤١٪ | ٧٦ | بەڵێ |
| ٣٥,٥٩٪ | ٤٢ | نەخێر |
| ١٠٠,٠٠٪ | ١١٨ | کۆی گشتی |

خشتەی ژمارە (٢٩)

ترسی تورکمان بەرامبەر فیدراڵی رووندەکاتەوە

| فیدراڵی هەڕەشەیە بۆسەر تورکیا | ژمارە | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٦ | ٣٨,٩٨ |
| نەخێر | ٧٢ | ٪٦١,٠٢ |
| کۆی گشتی | ١١٨ | ٪١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە (٣٠)

کوردستانیبوونی شاری کەرکوک لە ڕوانگەی نموونەکە رووندەکاتەوە

| کەرکوک شارێکی کوردستانییە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١١٠ | ٪٩٣,٢٢ |
| نەخێر | ٨ | ٪٦,٧٨ |
| کۆی گشتی | ١١٨ | ٪١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە (٣١)

بڕوابوونی تورکمان بە گێڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان رووندەکاتەوە

| بڕواتانوایە کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٥ | ٪٦٢,٥٠ |
| نەخێر | ٥١ | ٪٢٥,٥٠ |
| لەوانەیە | ١٤ | ٪٧,٠٠ |
| بێ وەڵام | ١٠ | ٪٥,٠٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە (٣٢)

رازیبوونی نموونەکە لەسەر گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شاری خۆیان رووندەکاتەوە

| گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شاری کەرکووك | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٧٩ | ٪٨٩,٦٥ |
| نەخێر | ١٩ | ٪٩,٥٠ |
| بێ وەڵام | ٢ | ٪١,٠٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە (٣٣)

ڕای نموونەکە بەرامبەر بە گێڕانەوەی عەرەبی تەعریب بۆ زێدی ڕاستەقینەی خۆیان ڕووندەکاتەوە

| لەگەڵ گێڕانەوەی عەرەبی تەعریبدای بۆ زێدی ڕاستەقینەی خۆیان؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٥٦ | ٧٨,٠٠٪ |
| نەخێر | ٤١ | ٢٠,٥٠٪ |
| بێ وەڵام | ٣ | ١,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٣٤)

رای نموونەکە بەرامبەر بە کورد لەسەر دروستکردنی کێشە لە دوای نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ ڕووندەکاتەوە

| کورد لە دوای نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ کێشەی بۆ دروست کردوون | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٩ | ٣٤,٥٠٪ |
| نەخێر | ١٢٧ | ٦٣,٥٠٪ |
| بێ وەڵام | ٤ | ٢,٠٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٣٥)

باری ئابووری نموونەکە دوای نیسانی ٢٠٠٣ رووندەکاتەوە

| باری ئابووری نموونەکە دوای نیسانی ٢٠٠٣ بەرەو؟ | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| باشی چووە | ١٤٦ | ٧٣,٠٠٪ |
| خراپی چووە | ٢٦ | ١٣,٠٠٪ |
| نەگۆڕاوە | ٢٣ | ١١,٥٠٪ |
| بێ وەڵام | ٥ | ٢,٥٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە ( ٣٦)

باری ئاسایشی نموونەکە دوای نیسانی ٢٠٠٣ رووندەکاتەوە

| باری ئاسایشی نموونەکە دوای نیسانی ٢٠٠٣ بەرەو؟ | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| باشی چووە | ٧٠ | ٣٥,٠٠٪ |
| خراپی چووە | ٩٧ | ٤٨,٥٠٪ |
| نەگۆڕاوە | ٢٣ | ١١,٥٠٪ |
| بێ وەڵام | ١٠ | ٥,٠٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

**خشتەی ژمارە (٣٧)**

بۆچوونی نموونەکە بەرامبەر بوونی کێشە لەگەڵ پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا رووندەکاتەوە

| کێشەتان لەگەڵ پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگادا هەیە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٠ | ٪١٥,٠٠ |
| نەخێر | ١٥٥ | ٪٧٧,٥٠ |
| جاروبار | ١٢ | ٪٦,٠٠ |
| بێ وەڵام | ٣ | ٪١,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠,٠٠ |

## پەراوێزەکان


١- د. جبار قادر، التركيب الاثنی لسكان كركوك خلال قرن (١٨٥٠- ١٩٥٠) مجلة سردم العربی، العدد (٥)، السليمانية، ٢٠٠٤، ص١٠٥.

٢- حنا بطاطو، الطبقات الاجتماعية فی العراق، الكتاب الاول، ترجمة عفيف الرزانة، بيروت، ١٩٩٠، ص ٢٤١.

٣- ئەنتونی گیندز، جامعه شناسی، ترجمه منوچهر صبوری، نشرنی، تهران، ١٣٨٣، ل ٧١٦.

٤- عبد الباسط محمد، اصول البحث الاجتماعی، ط٣، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧١، ص ٢١٥.

٥- د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، دار العربية للموسوعات، بيروت، لبنان، ١٩٩٩، ص٥٩٩.

٦- ميشيل، البروفيسور دينكن، معجم علم الاجتماع، ت. الدكتور أحسان محمد الحسن، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٠، ص٣١٨.

٧- الحسن، احسان محمد، موسوعة علم الاجتماع، دار العربية للموسوعات، بيروت، لبنان، ١٩٩٩، ص٦٠٩.

٨- الأخرس، محمد صفوف، مناهج البحث في علم الاجتماع، مطبعة الجديدة، دمشق ١٩٨٢-١٩٨٣، ص٧١.

٩- القصير، مليحة عوني و معن خليل عمر، المدخل الى العلم الاجتماع، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٠، ص٤٧.

١٠- الحسن، احسان محمد و عبد المنعم الحسنی، طرق البحث الاجتماعی، مطبعة مديرية دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، ١٩٨٢، ص٢٥٢.

* ئەوانەی فۆرمەکانیان بینیوە و سەرنج و تێبینیان لەسەر نووسیوە:

١- پ.ی.د. نوری یاسین هەرزانی لە زانکۆی سەلاحەدین.

٢- پ.ی.د. طاهر حسو زیباری لە زانکۆی سەلاحەدین.

٣- پ.ی.د. شفیق ابراهیم عبوری لە زانکۆی موسڵ.

٤- پ.ی.د. خلیل محمد حسین لە زانکۆی موسڵ.

٥- د. عبدالله خورشید عبد الله لە زانکۆی سەلاحەدین.

١١- الأخرس، محمد صفوف، سەرچاوەی پێشوو ل٢٨٥.

١٢- الحسن، احسان محمد و الدكتور عبد الحسين الزينی، الاحصاء الاجتماعی، دار الكتب، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٢، ص١٦٧.

١٣- دويدری، رجاء وحيد، البحث العلمي، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠م، ص٤١٣.

١٤- موحسنی منوچێهری، کۆمەڵناسی گشتی، و. موسڵح ئیروانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان، ٢٠٠٥، ل٢٦

١٥- هەمان سەرچاوە ل٢٦

١٦- ضابط، شاكر صابر، موجز تاريخ التركمان في العراق، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٦٠، ص٣٢

** بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە:

١- قيه ابوبكر احمد بن محمد الهمرانی، مختصر كتاب البلدان، مطبعة بريل، ليدن،.

٢- اكر صابر الضابط، موجز تاريخ التركمان في العراق، سەرچاوەی پێشوو.

٣- ارشهر الهرمزي، التركمان و الوطن العراقي، اسطنبول، ٢٠٠٣م.

٤- شاكر خصباك، العراق الشمالی. مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣م.

٥- فاضل مهدی بيات، توركمن تاريخندن، يابراقلر، بغداد، ١٩٧٥م...هند.

*** بڕوانە هەتاو كريم خضر، ظاهرة العنف الآسري، دراسة ميدانية فی مدينة أربيل، رسالة ماجستير تقدمت بها الى مجلس كلية الاداب، جامعة صلاح الدين ٢٠٠٤ (غيرر منشورة) ص١٣٢.

**** بڕوانە:

١) قاموس الاعلام التركي — شمس الدين سامی. الجلد الخامس، اسطنبول، ١٨٩٦م.

٢) وحيدالدين بهاءالدين، من أدب التركمان، مكتبة عبدالقادر فكري، كركوك، ١٩٦٢م.

٣) صلاح الدين ساقي ولي، دليل المطبوعات الكركوكية، مكتب عبدالوهاب للطباعة، كركوك، ٢٠٠٣م.

## سەرچاوەکان


١. انتونی گیندز، جامعه شناسی، ترجمه منوچهر صبوری، نشرنی، تهران، ١٣٨٣.

٢. د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، دار العربية للموسوعات، بيروت، لبنان، ١٩٩٩.

٣. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، دار العربية للموسوعات، بيروت، لبنان، ١٩٩٩.

٤. احسان محمد الحسن و عبد المنعم الحسنى، طرق البحث الاجتماعى، مطبعة مديرية دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، ١٩٨٢.

٥. احسان محمد الحسن و الدكتور عبد الحسين الزينى، الاحصاء الاجتماعى، دار الكتب، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٢.

٦. الأخرس، محمد صفوف، مناهج البحث في علم الاجتماع، مطبعة الجديدة، دمشق ١٩٨٢-١٩٨٣م.

٧. ارشهر الهرمزى، التركمان و الوطن العراقى، اسگنبول، ٢٠٠٣م.

٨. د. جبار قادر، التركيب الاثنى لسكان كركوك خلال قرن (١٨٥٠- ١٩٥٠) مجلة سردم العربى، العدد (٥)، السليمانية، ٢٠٠٤.

٩. حنا بطاطو، الطبقات الاجتماعية فى العراق، الكتاب الاول، ترجمة عفيف الرزانة، بيروت، ١٩٩٠.

١٠. رجاء وحيد دويدرى، البحث العلمي، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٠م.

١١. شاكر خصباك، العراق الشمالى. مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣م.

١٢. شاكر صابر ضابط، موجز تاريخ التركمان في العراق، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٦٠

١٣. صلاح الدين ساقي ولي، دليل المطبوعات الكركوكية، مكتب عبدالوهاب للطباعة، كركوك، ٢٠٠٣م.

١٤. عبد الباسط محمد، اصول البحث الاجتماعى، ط٣، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧١.

١٥. قاموس الاعلام التركي — شمس الدين سامى. المجلد الخامس، اسطنبول، ١٨٩٦م.

١٦. القصير، مليحة عوني و معن خليل عمر، المدخل الى العلم الاجتماع، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٠.

١٧. قيه ابوبكر احمد بن محمد الهمرانى، مختصر كتاب البلدان، مطبعة بريل، ليدن.

١٨. فاضل مهدى بيات، توركمن تاريخندن، يابراقلر، بغداد، ١٩٧٥.

١٩. موحسنی، منوچێهری، کۆمەڵناسی گشتی، و. موسڵح ئیروانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی،هەولێر، ٢٠٠٥.

٢٠. ميشيل، البروفيسور دينكن، معجم علم الاجتماع، ت. الدكتور أحسان محمد الحسن، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٠.

٢١. هەتاو كريم خضر، ظاهرة العنف الآسري، دراسة ميدانية فى مدينة أربيل، رسالة ماجستير تقدمت بها الى مجلس كلية الاداب، جامعة صلاح الدين ٢٠٠٤ (غيرر منشورة) ص١٣٢.

٢٢. وحيدالدين بهاءالدين، من أدب التركمان، مكتبة عبدالقادر فكري، كركوك، ١٩٦٢م.


بەئاوارەبوون ئەوان بوون بە قوربانی، نابێت بە گەڕانەوەش هەر قوربانی بن. پێویستە دەسەڵاتی کوردستان لە ئاست چاوەڕوانی کەرکوکییەکاندا بێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک.

١- کارکردنی جیدی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ یاسای ئیدارەی دەوڵەت، کە بووە بە مادەیەکی دەستووری هەمیشەیی وڵات.

٢- هەوڵدان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عەرەبە هاوردەکان بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئیعتیباری مرۆییدا بگونجێت، کاربکرێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانیان و بەتەواوی قەرەبووبکرێنەوە.

٣- هەوڵدان بۆ بەرقەرارکردنی ئارامی و ئاسایش لە شاری کەرکوک، چونکە ناسەقامگیری و نەبوونی ئاسایش تەگەرەیەکی گەورەیە لەبەردەم گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ ئەو شارە.